# کاریگەری فاکتەرە سیاسیەکان لە سەر پرۆسەی بەکوردبوونی ناوچەی دیاربەکر

# (لە سەردەمی مەروانی تا کۆتایی ئەییوبی)


مدرس سعیدی

دامەزراوەی ئەنسکلۆپێدیای ئیسلامی- تاران/ ئیران

ادهم رمضان محمد

زانکۆی گەرمیان- هەرێمی کوردستان/ عیراق



**پوختە:**

ناوچەی دیاربەکر  کە لەگەڵ دیاررەبیعە و دیار مۆزەر، یەك لە سێ مەڵبەندی ناوچەی جەزیرەی– و یەکەمیانی لە لای باکوورە -پێك دەهێنا، لە دێرزەمانەوە شوێنی نیستەجێبوونی هەندێ نەتەوەی جیاواز و خاڵی بەیەك گەیشتنی شارستانیەکان بووە. لە سەروو بەندی فەتح و دەسبەسەرداگرتنی ناوچەی جەزیرە لە لایەن موسڵمانەکانەوە، ئەم ناوچەیە یەك لە ناوندە گرنگەکانی زمان و کلتوری سوریانی بوو، لەم قۆناغەدا نیشانەیەك لە هەبوونی کورد لە ناوچەی دیاربەکر بە دی ناکرێت، بەڵام ناوچەکانی زەوزان و ئەرمەنیە لە ڕۆژهەڵاتی دیاربەك، هەر لە کۆنەوە ناوەندێکی حەشیمەتی هۆزە کوردەکان بووە. لە کۆتاییەکانە سەردەی چوارەمی کۆچی/ یانزەی زاییندا، مەروانیەکان کە بنەماڵەیەکی کوردی ئەم ناوچەانە بوون، دەستیان بەسەر ناوچەی دیاربەکردا گرت و بۆ ماوەی نزیك لە یەك سەدە حوکمڕانیان کرد. دەسبەسرداگرتنی دیاربەکر لە لایەن مەروانیەکانەوە، بوو بە سەرەتایەك بۆ پرۆسەی گۆڕانی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەی دیاربەکر کە لە زۆربوونی ژمارەی کورد و هۆزە کوردیەکان لە پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، خۆی دەبینێتەوە. ئەم پرۆسەیە پاش ڕوخانی دەوڵەتی مەروانی، لە سەردەمی دەوڵەتە تورکەکان وەك زەنگی و ئۆرتۆقیەکانیشدا، لە ژێر کاریگەری هەندی فاکتەری جیاواز، بەردەوام بوو و لەگەڵ دەسبەسەردا گرتنی ناوچەکە لە لایەن کوردە ئەیوبیەکانەوە، خێرایەکی زۆرتری بە خۆیەوە بینی، بە شێوەیەك کە لە کۆتایی سەردەمی ئەیوبیەکاندا، ناوچەی دیاربەکر لە ڕوانگەی پێکهاتەی دانیشتوانەوە جیاوازیەکی زۆری





Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەگەڵ سەدەکانی سەرەتای قۆناغی ئیسلامیدا پەیدا کردبوو. لەم توێژینەوەیەدا بە مێتۆدی مێژوویی و بەکەڵك وەرگرتن لە گرنگترین سەرچاوە و ژێدەرە مێژووییەکان، پرۆسەی ئاماژە پێکراو تاو و توێ کراوە. هەوڵ دراوە کە لە ڕێگەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی زانیاری سەرچاوەکانەوە، وێنەگەلێك لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەی دیاربەکر و هەروەها شرۆڤەیەك لە پرۆسەی گۆڕانەکەی لە سەردەمی مەروانیەکانەوە تا کۆتایی سەردەمی ئەییوبی، بە دەستەوە بدرێت. بە پێی دەسکەوتەکانی توێژینەوەکە گرنگترین فاکتەرەکانی گۆڕانی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەی دیاربەکر کە لە کۆتاییەکانە سەردەمی ئەییوبیدا خۆیان نواند، بریتین بوون لەمانە: لەلایەك هێدی هێدی کاڵبوونەوەی ڕێژەی سوریانیەکان و لەلایەکی ترەوە بڵاو بوونەوەی کوردەکان لە زۆرێك لەبەشەکانی ناوچەی دیاربەکر، بە چەشنێك کە لە کۆتایی قۆناغی لێکۆڵینەوەکەدا هۆزە کوردەکان لە بەشە جیاجیاکانی ناوچەی دیاربەکردا بڵاو ببوونەوە و کوردەکان تەنانەت لە ناو پێکهاتەی دانیتشتوانی شارە سەرەکیەکانی ناوچەی دیاربەکردا، بەدی دەکران.

**پەیڤێن سەرەکی:** *دیاربەکر، کورد،سوریانی، پێکهاتەی نەتەوەیی، گۆڕان*

## پێشەکی:

دیاربەکر، کە بە گوێرەی جۆگرافی نووسە موسڵمانەکان یەك لە سێ مەڵبەندەکەی ناوچەی جەزیرە بوو، لەمڕۆدا لەگەڵ بەشێك لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی تورکیا- تاڕادیەك تەواوی پارێزگای دیاربەکر و بەشێك لە پارێزگاکانی باتمان، سێرت، شێرناخ، ماردین و شانلی ئورفا- یەك دەگرێتەوە. ئەم دەڤەرە بە درێژایی مێژووی کۆنی خۆی شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوە و خاڵی بەیەکگەیشتنی شارستانیەتە جیاوازەکان بووە. دیاربەکر پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام شوێنی پێکدادانی دوو ئیمپراتوری ئێران و ڕوم بوو. لە سەرووبەندی سەرهەڵدانی ئیسلامیشدا بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم ناوچەیە بە دەست دەوڵەتی ساسانی و بەشی ڕۆژئاوای لە ژێر حوکمڕانی بیزانتیدا بوو. لە ڕوانگەی پێکهاتەی دانیشتوانیشەوە، دیاربەکر ناوەندێکی گرنگی زمان و کەلتووری سوریانی بوو و زۆربەی دانیشتوانی لەڕووی نەتەوەوە سوریانی و لە ڕوی ئایینەوە مەسیحی بوون. لەو سەردەمەدا نیشانەیەك لە هەبوونی کورد لە ناوچەی دیاربەکر لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بەدی ناکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا ناوچە شاخاویەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر کە لە سەرچاوەکاندا بە زەوزان یان ئەرمەنییە ناسراون، هەر لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە، ناوەندێکی حەشیەمەتی هۆزە کوردەکان بووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەگەڵ فەتح و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی دیاربەکر لە لایەن عەرەبە موسڵمانەکان و لێك هەڵوەشانی دەوڵەتەکان ساسانی و بیزانتی، پرۆسەی ئاڵ و گۆڕی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دەستی پێ کرد کە لە ئەنجامیدا ناوچەی دیاربەکر لە ڕوی پێکهاتەی دانیشتوانەوە سیمایەکی جیاوازی لەگەڵ پێشتر بەخۆیەوە بینی. ئەم ئاڵ و گۆڕە وەك چۆن تایبەتمەندی گۆڕانکاریە مەزنە کۆمەڵایتیەکانە، سروشتێکی ئارام و لەسەرخۆی هەبوو و لە مەودایەکی درێژخایەندا خۆی نواند. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، مەودایەکی زەمەنی تا ڕادەیەك درێژ- واتە لە سەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچی/ حوتەمی زایینی تا کۆتایی سەدەی هەفتەمی کۆچی/ سیانزەهەمی زایینی بۆ لێکۆڵینەوەی تەرخان کراوە. هەوڵ دراوە کە لە هەنگاوی یەکەمدا، وێنایەك لە پرۆسەی ئاڵ و گۆڕی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەی دیاربەکر لە مەودای ئاماژە پێکراودا بە دەستەوە بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەی دیاربەکر و شار و مەڵبەندە جیاوازەکانی، هەم لە سەرەتای مەودای زەمەنی توێژینەوەکە و هەم لە کۆتاییەکەیدا، خراوەتە بەر باس و لێکۆڵین. تاکوو لە ئەنجامدا بتوانرێت لە ڕێگای بەراوەردی نێوان قۆناغە جیاوازەکاندا، پرۆسەی ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەکە، تاو و توێ بکرێت. سەبارەت بە هۆکارناسی پرۆسەکەش، لە نێوان کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی، جۆگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە سەر هۆکارە سیاسیەکان، بە تایبەت کاریگەری سەردەمی حوکمڕانی دوو بنەماڵەی کوردی مەروانی و ئەییوبی، ڕاوەستە کراوە.

لەو توێژینەوانەدا کە بە زمانی جیاواز لەسەر مێژووی ناوچەی جەزیرە و دیاربەکر لەبەردەست دایە، لەگەڵ ئەوەی کە مێژووی ئەم ناوچەیە لە ڕووی ڕەهەندە جوداکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوری باس کراوە، بەڵام تا ئێستا توێژینەوەیەك لەبارەی پرۆسەی گۆڕانی پێکهاتەی نەتەوەیی و چۆنیەتی بەکورد بوونی ئەم ناوچەیە، ئەنجام نەدراوە بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە هەنگاوی یەکەم لەم بارەوە دادنرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

# تەوەری یەکەم

## جۆگرافیای مێژووی ناوچەی دیاربەکر

جۆگرافی نووسە موسڵمانەکان، ناوچەی جەزیرەیان لەسەر بنەمای چۆنیەتی نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکان لە سەردەمی پێش ئیسلامدا بە سەر سێ مەڵبەندی، دیاربەکر، دیار ڕەبیعە و دیار مۆزەر دابەش کردوە (بڕوانە: ابن خردادبە، ص ٩٥؛ اصطخری، ص ٧١؛ مقدسی، ص ١٣٧). دیاربەکر بچوکترین و لە هەمان کاتدا یەکەمین مەڵبەندی وڵاتی جەزیرە لە لایەن باکوورەوە بوو. ئەم ناوچەیە بریتی بوو لە سەرزەوینەکانی قەراخ ڕووباری دیجلە لە باکوورەوە تا دەگاتە تل فافان لە باشور، واتە ئەو شوێنەی ڕوباری دیجلە پێچیکی گەورەی بەرەو باشوور تێ دەکەوێ (ئەو شوێنەی کە لەم سەردەمەدا دیجلە لە وڵاتی تورکیا دێتە دەرەوە و بەشێك لە سنووری ئەو وڵاتە لەگەڵ سوریا پێك دەهێنێ). هەروەها زەوی و زارەکانی لای ڕۆژئاوای دیجلە تا دەگاتە نزیك نۆسەیبین و دەشتاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، لەسەر ناوچەی دیاربەکر دەژمێردرا (لسترنج، *سرزمینهای خلافت شرقی*، ص ١١٦، ٩٤؛ هەروەها بڕوانە: یاقوت حموی، ج٢، ص ٤٩٤). شاری ئامەد ناوەندی ناوچەی دیاربەکر بوو(مقدسی، ص ١٣٧؛ یاقوت حموی، ج١، ص ٥٦)، لەگەڵ ئەوەش هەندێ سەرچاوە میافارقینیان بە ناوەندی دیاربەکر زانیوە (ابوالفداء، ص ٣٢١؛ یاقوت حموی، ج٥، ٦٢٦). کە هۆکاری ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی لەسەردەمانێك، بە تایبەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەروانیەکاندا ( ٣٨٠-٤٨٧ ك/ ٩٩٢-١٠٩٤ ز)، میافارقین ناوەندی سیاسی بووە. مەقدەسی ئامەد، میافارقین، حێسن کەیف و تل فافانی بە شارە گرنگەکانی دیاربەکر داناوە (مقدسی، ص ٣٨٠). ئیبن شەداد ئەرزەن و ماردینیشی لەسەر دیاربەکر ژماردووە و ژمارەیەکی زۆری قەڵاو شورەی سەر بە دیاربەکری ناو هێناوە (ابن شداد، ج٣، ص ٢٥١-٢٤٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## تەوەری دووەم

# پێکهاتەی ئیتنیکی دانیشتوانی دیاربەکر لە سەدە سەرەتاییەکانی کۆچیدا

سەرچاوەکان، زانیاریەکی ڕوون و ڕاستۆخۆیان لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی دیاربەکر لە سێ سەدەی سەرەتایی سەردەمی ئیسلامیدا (بەرانبەر سەدەکانی حەوتەم تا دەیەمی زایینی) بە دەستەوە نەداوە. دەربارەی دوو شاری سەرەکی ئەم ناوچەیە واتە ئامەد و میافارقین، تەنها ئاماژە بە مەسیحی بوونی دانیشتوانانەکانیان لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا کراوە (بڕوانە: واقدی، فتوح الشام، ج٢، ص ١٤٦، ١٤٤)، ئەم مەسیحیانە لە ڕووی ئیتنیکیەوە، دەکرێ سوریانی یان ئەرمەنی بووبن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سەرچاوە عەرەبییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لە کاتی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا، ئاماژە بە ئیتنیکیان دەکەن، و هەروەها بە ئاوڕدانەوە لە پێشینەی زمان و فەرهەنگی سوریانی لەم ناوچانە لەسەردەمی پێش لە ئیسلامدا، پێدەچێت ئەو مەسیحیانەی کە سەرچاوەکانی سەردەمی فتوح باس لە هەبوونیان لە ئامەد و میافارقین دەکەن، لەڕوی ئیتنیك و زمانەوە سوریانی بووبن. بە پێی وتەی میخائیلی سوریانیش، خەڵکی ناوچەی جەزیرە بەزۆری شوێنکەوتووی کەنیسەی سوریانی بوون و تەنیا دانیشتوانی دەیرساسۆن مەزهەبی ئەرمەنیەکانیان هەبوو. هەر ئەم نووسەرە، نوێنەرانی شارەکانی وەك ئامەد و میافارقین و ڕها و حەڕڕانی کە لە سەردەمی خەلافەتی یەزید کوڕی عەبدولمەلیکدا (٨٦-٩٦ ك/ ٧٠٥-٧١٥ز)، بۆ گفتگۆکردن لەسەر ناکۆکیەکانی نێوان کەنیسەی سریانی و ئەرمەنی، کۆبووبوونەوە، بە نوێنەری سوریا ناو هێناوە کە ئاماژەیەکە بە سوریانی بوونی مەسیحیەکانی ئەم شارانە (میخائیل سریانی، ج٢، ص ٣٩٠، ٣٨٨).

سەبارەت بە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکانی دیاربەکر، سەرچاوەکان ئاماژەیەکیان بە هەبوونی هۆزە کورد یان عەرەبەکان لەم ناوچەیە نەکردوە. ئەمە بەتایبەت بەنیسبەت هۆزە عەرەبەکانەوە، تاڕادەیەکی زۆر دەکرێ بە واتای نەبوونی هۆزە عەرەبەکان لەم ناوچەیە لێك بدرێتەوە. چونکە ئەگەر لەم ناوچەیە هۆزی عەرەب هەبوبێت، ئەمە سەرنجی سەرچاوە عەربەکانی بۆلای خۆی ڕادەکێشا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هۆزە کوردەکان، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر وەکوو ئەرمەنییە، زەوزان و هەکاریدا دەژیان. بە پێی ئەو زانیاریانەی بەلازەری ئاماژەی پێداون، لە سەدەی یەکەمی کۆچی/ حەوتەمی زایینیدا ناوچە شاخاویەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵیش شوێنی نیشتەجێبونی هۆزە کوردەکان بووە. بە وتەی بەلازەری عەتبە کوڕی فەرقەدی سەلمی دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠ی کۆچی/ ٤٦١ زایینی دا ویلایەتی موسڵی پێ سپێردرا، دەستی بەسەر قەڵای نەینەوادا گرت و پاشان بە سوپاکەیەوە لە ڕووباری دیجلە پەڕیەوە و لەوێ ڕووبەڕوی ئەو کوردانە بوەوە کە لەم ناوچانە دەژیان و ژمارەیەك قەڵای لێ داگیر کردن (بلاذری، ص ٣٢٣.٩) لە سەردەمی خیلافەتی مەئموونی عەباسیشدا (١٩٨-٢١٨ ك/ ٨١٤-٨٣٣ ز)، بە پێی گێڕانەوەی میخائیلی سوریانی، بزاڤێك بە بانگەشەی مەهدەوییەت و پێدەچێت بە ڕەگ و ڕیشەی زەردەشتیەوە، لە ناو کوردەکانی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر سەری هەڵدا کە دواترهەندێ شوێنی ناوچەی دیاربەکر وەك بازەبدی و تورعەبدینیش کەوتە ژێر کاریگەریەکانیەوە و ترس و دڵەڕاوکەیەکی زۆری لای دەزگای خەلافەت و مەسیحیەکانی ناوچەکە دروست کرد. لە ئەنجامیشدا خەلیفە مەئمون بە هاوکاری مەسیحیەکانی ناوچەکە کۆتایی بەم ئاژاوەیە هێنا و مەهدیە کوردەکەش کوژرا (میخائیل سریانی، ج٣، ص ١٢-١٣).

بە گشتی زانیاری سەرچاوەکان سەلمێنەرەی ئەوەیە کە لە سەدەکانی سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا، کورد لە ناوچەی دیاربەکر بوونێکی بەرچاوی نەبووە، بەڵام ناوچەشاخاویەکانی هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر مەڵبەندی ژیانی کوردان بووە.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# تەوەری یەکەم

## حوکمڕانی کوردە مەروانیەکان و کوردە ئەییوبیەکان لە ناوچەی دیاربەکر

ناوچەی دیاربەکر تا کۆتایی سەدەی سێیهەمی کۆچی لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خیلافەتی ئەمەوی و پاشان عەباسیدا بوو. لەگەڵ لاواز بوونی دەسەڵاتی خیلافەت و دەرکەوتنی هەندێ دەسەڵاتی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ لە قەلەمڕەوی خیلافتدا، ناوچەی دیاربەکر لە لایەن عەرەبە حەمدانیەکانی موسڵ و دوای ئەوان کوردە مەروانیەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا. مەروانیەکان (سەردەمی حوکمڕانی: ٣٨٠-٤٧٨ ك/ ٩٩٠- ١٠٨٥ز )، بنەماڵەیکی کورد بوون کە بۆ ماوەی نزیك لە یەك سەدە، حوکمڕانی بەشێکی زۆری ناوچەی دیاربەکریان کرد. ئەم بنەماڵەیە لە ڕاستیدا خوشکەزاکان و میراتگری باد کوڕی دۆستەك، یەکێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان بوون. بە گوێرەی فارقی باد و زاواکەی مەروان کوڕی کەك ( باپیری خانەدانی مەروانی)، هەردوو سەربە هۆزی کوردی چواربۆختی (حارختی) و خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی نێوان سەعرەد و مەعدەن بەناوی کرماس (کرمانج؟) بوون کە دەکەوێتە ناوچەکانی نزیك لە ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر (فارقی، ص ٥٠، ٦٠-٥٩). سەرچاوەکان یەکەم جار لە باسی ڕوداوەکانی ساڵی ٣٦٨ کۆچی / ٩٧٩زاییینیدا، ناوی باد کوڕی دۆستەك ( یان بادی کورد) یان هێناوە. لەم ساڵەدا پاش ئەوەی عضدالدولە دەیلەمی دەستی بەسەر موسڵدا گرت، باد بۆ دیدار لەگەڵ ئەو ویستی سەردانی موسڵ بکات، بەڵام پێش ئەوەی چاوی بە عضدالدولە بکەوێ، هەستی بە مەترسی سەر گیانی خۆی کرد و لە موسڵ هەڵات (بڕوانە: ابن اثیر، ج٩، ص٣٥؛ ابن خلدون، ج٣، ص ٥٣٧ )، چەند ساڵ دواتر لە ساڵی ٣٧٢ ك/ ٩٨٢ز، بە کەڵك وەرگرتن لە لاواز بوونی دەیلەمیەکان، دەستی بەسەر ناوچەی دیاربەکر و شارە سەرەکیەکانی ئەم ناوچەیە واتە ئامەد و میافارقیندا گرت (فارقی، ص ٥٢-٥١ ). لە ٣٨٠ی کۆچی /٩٩٠ زاییینیشدا کاتێ دەیویست هێرش بکاتە سەر موسڵ، لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزێکی هاوپەیمانی حەمدانیەکان و عۆقەیلیەکان کوژرا (ابن مسکویه، ج٧، ٢١٢-٢١١؛ فارقی، ص٥٨-٥٧).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوای کوژرانی باد لە نزیك موسڵ، دەسەڵات گوازرایەوە بۆ خوشکەزاکانی، واتە کوڕەکانی مەروان بن کەك. عەلی کوڕی مەروان پاش ئەو کارەساتەی بە مل باددا هات، لەگەڵ بەشێك لە هێزەکانیدا گەڕایەوە دیاربەکر و دەستی بەسەر شارەسەرەکیەکانی ئەم ناوچەیە واتە ئامەد و میافارقیندا گرت و بەم چەشنە بناغەکانی دەوڵەتی مەروانی لەم ناوچەی دیاربەکردا پتەو کردەوە (فارقی، ص ٦٠؛ ابن اثیر، ج٩، ص ٧١).

سەردەمی حوکمڕانی درێژماوەی نصرالدولە مەروانی (٤٠١-٤٥٣ ك/ ١٠١١- ١٠٦١ز) بە لوتکەی هێز، بەرفراوانی و سەقامگیری دەوڵەتی مەروانی دادەنرێت. هەڵکەوتی ستراتیجی ناوچەی دیاربەکر لەسەر ڕێگاکانی پێوەندی نێوان عێراق و شام و ئاسیای بچووك، ئەو دەرفەتەی بۆ نصرالدولە ڕەخساند کە لەڕێگای ڕاگرتنی هوسەنگی لە ناو هێزەکانی دەوروبەردا، بۆ ماوەیەکی زۆر، درێژە بە فەرمانڕەوایەتی خۆی بدات. سەرەتا ئەو گوێڕایەڵی خۆی بۆ خەلیفەی عەباسی ڕاگەیاند. هاوکات پێوەندیەکەی باشیشی لەگەڵ فاتمیەکان دامەزراند و بە پێی هەندێ سەرچاوە ماوەیەکیش خەلیفەی فاتیمی المستنصربالله ی بە فەرمی ناسی (باسورث،ص ١٨٢)، پاش نصرالدولە کوڕەکەی بە ناوی نظام الدین نصر بن نصرالدولە (٤٥٣-٤٧٢ك/ ١٠٦١- ١٠٧٩ز )، لەگەڵ نزیکبوونەوەی تورکە سەلجوقیەکان لە ناوچەی دیاربەکر هەوڵی دا پێوەندی بە سەلجوقیەکانیەوە بکات. لە ساڵی ٤٦٣ ك/ ١٠٧١ز، لە کاتی تێپەڕبوونی سوپای ئەلب ئەرسەلانی سەلجقوقی بە ناوچەکەدا، نظام الدین چووە خزمەت سۆلتانی سەلجوقی و بە پێشکەشکردنی بڕێك ماڵ و پارە، توانی بە شێوەیەکی کاتی هەڕەشەی سوپای تورك لە دیاربەکر، دووربخاتەوە (ابن عدیم،ج٤، ص١٩٧٨). بەڵام گوشاری ڕوو لە زیادبوونی سەلجوقیەکان، سەرەنجام لە سەردەمی ناصرالدولە منصور کوڕی نظام الدین دا، لەناوچوونی دەوڵەتی مەروانی لێ کەوتەوە. لە ساڵی ٤٧٧ ك/ ١٠٨٤ز دا، مەلیکشای سەلجوقی سوپایەکی بە سەرکردەیی وەزیرەکەی فخرالدولە ابن جهیر نارده سەر جەزیرە. لە بەرانبەردا مەروانیەکان و عۆقەیلیەکانی موسڵ هەولیان دا پێکەوە بەرنگاری ئەم هەڕەشە هاوبەشە ببنەوە. بەڵام بۆیان نەچوە سەر و لە بەرانبەر تورکەکاندا توشی شکست بوون. دوای ئەمە شارەکانی ئامەد و میافارقین لەلایەن تورکەکانەوە گەمارۆ دران و پاش ماوەیەك دەستیان بەسەردا گیرا (فارقی، ص ٢١٣-٢١٢؛ ابن اثیر، ج١٠، ص١٤٣، ١٣٤).

پاش دەسبەسەرداگرتنی لەلایەن تورکە سەلجقیەکانەوە، ناوچەی دیاربەکر و جەزیرە لە بیست ساڵی کۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی/ سەدەی یانزە و دوانزەی زایینیدا، لە لایەن ئەو کاربەدەست و حاکمانەوە بەڕێوە دەچوو کە ڕاستۆخۆ لەلایەن دەوڵەتی سەلجوقیەوە دادەنران (بڕوانە: محمد سهیل طقوش، ص ٥٩؛ زرار



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

صديق توقيق، ٢٠١٣، ص ٢٨١-٢٨٠.). له سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی/ یانزەی زایینیەوە، هاوکات لەگەڵ لاوازبوونی دەوڵەتی سەلجوقی، هەندێك لە سەرۆك و سەرداره تورکەکان لە گۆشەوکەناری قەلەمڕەوی سەلجوقیەکاندا سەربەخۆ بوون و چەندین دەوڵەتی بنەماڵەیی تورکیان دامەزراند. لەم ناوەدا ئەتابەکە زەنگیەکانی موسڵ و ئەرتۆقیەکانی ماردین و حێسن کەیف، هەرکام دەستیان بەسەر بەشێکی ناوچەی دیاربەکردا گرت. تاکوو له کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی کۆچی/ سیانزەهەمی زایینیدا، ناوچەی دیاربەکر جارێکی تر کەوتە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەیەك کورد، کە ئەییوبیەکان بوون.

ئەییوبیەکان بنەماڵەیەکی کورد بوون کە بنچینەیان دەگەڕایەوە بۆ ناوچە شاخاویەکانی نێوان ئەرمەنییە و ئەران و ئازەربایجان لە لای باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر. ئەم بنەماڵەیە کە سەرەتا خزمەتی دەوڵەتە موسڵمانەکانی ناوچەکە وەك زەنگیەکانیان دەکرد، سەرەنجام توانیان لە وڵاتی میسر حکومەتێکی سەبەخۆ دابەمزرێنن و پاشان لەوێوە پەل بۆ ناوچەکانی تر، لەوانە جەزیرە و دیاربەکریش بهاوێژن.

سەلاحەدینی ئەیووبی دوای دەسبەسەرداگرتنی شام، لە ساڵی ٥٧٨ ك/ ١١٨٢ز لەگەڵ سەرداره کوردەکانی خۆی، لە ڕووباری فورات پەڕییەوە و شارەکانی جەزیرە، لەوانە ڕها و نۆسەیبین و خابور و سنجاری داگیر کرد (ابن اثیر، ج١١، ص ٤٨٢.؛ ابی شامە، ج٣، ص ٨١). لە ساڵی ٥٧٩ ك/ ١١٨٣ز سەلاحەدین بۆ جاری دوهەم ئاوڕی لە جەزیرە دایەوە و بۆ ماوەی چوار مانگ شاری موسڵی کە لەدەست زەنگیەکاندا مابوویەوە، گەمارۆ دا (ابن اثیر، ج١١، ص ٤٨٢). پاشان بەرەو دیاربەکر چوو و دەستی بە سەر شارەکانی ئامەد و میافارقینیشدا گرت (ابن تغری بردی،ص ٩٥-٩٤).

دوای مردنی سەلاحەدین، قەلەمڕەوی دەوڵەتی ئەییوبی بەسەر کوڕەکان و براکانیدا دابەش بوو و وڵاتی جەزیرە بەربەشی سیف الدین عادڵ کەوت (ابن اثیر، ج١٢، ص ٩٧؛ ابن تغری بردی، ج٦، ص ١٠٣). پاش ماوەیەك عادڵ بەکەڵك وەرگرتن لە ناکۆکی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئەییوبی دەسەڵاتی خۆی لە جەزیرەوە بەسەر شام و میسردا سەپاند و بۆ ماوەیەك وەکوو گەورەی بنەماڵەی ئەییوبی دەرکەوت. ناوبراو کاتێك لە ژیاندا مابوو قەلەمڕەوەکەی خۆی بەسەر ئەندامانی بنەماڵەکەیدا دابەش کرد و جەزیرە بەر اشرفی کوڕی (٦٠٧-٦١٧ك/ ١٢١٠-١٢٢٠ز) کەوت (ابن تغری بردی، ج٦، ص ١٦٣). دوای ئەمە ئەیووبیەکان تا ساڵی ٦٥٧ ك/ ١٢٥٩ز، دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەی دیاربەکر و شارەکانی ئامەد و میافارقین و حێسن کەیفا دا هەبوو. تاکوو لەم ساڵەدا لەگەڵ داگیرکاری مەغۆلەکان، دەسەڵاتی ئەییوبیەکان لە ئامەد و میافارقین کۆتایی پێ هات (باسورث، ص ١٥٣). لەگەڵ ئەمەشدا لقێك لەم بنەماڵەیە هاتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆهەمی کۆچی، لە حێسن کەیفا مانەوە (اسماعیل حسن زادە، ص ١٣).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## تەوەری چوارەم

# هۆکارەکانی گۆڕانی پێکهاتەی ئیتنیکی دیاربەکر

ناوچەی جەزیرە و دیاربەکر لە سەدەکانی یەکەم تا حەوتەمی کۆچی/ حەوتەم تا سیانزەهەمی زایینی، خالی ڕووبەڕووبوونەوەی دارۆلئیسلام و دارۆلکوفر بووە. ئەم ناوچەیە لە لای ڕۆژئاواوە، لە ناوچەکانی ژێر حوکمڕانی ئیپراتوری بیزانتی نزیك بوو و لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ میرنشینە ئەرمەنیەکانی هاوپەیمانی بیزانت، هاوسنوور بوو (عبدالرقیب یوسف، ج٢، ٨٧-٨٥). لەسەرتاسەری دەورەی باسکراودا ناوچەی دیاربەکر گرنگیەکی ستراتیجی تایبەتی لە شەڕی نێوان دەوڵەتە موسڵمانەکان و هێزە مەسیحیەکان هەبوو کە هەندێ جار ڕووی بەرگری و هەندێ جاریش خەسڵەتی هێرشکارانەی بە خۆوە دەگرت.

لە سەرتاسەری ئەم دەورەیە، هزری جیهاد لە دژی کافرەکان و بەرگری لە دارۆلئیسلام، زەمینەخۆشکەر، ڕەوایی بەخش و پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی هۆزە کوردەکان هێدی هێدی لە شوێنەکانی نیشتەجێی بوونی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی دیاربەکر، بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوای دیاربەکر بکشێن و تێدا بڵاو ببنەوە. لەم پێیوەندیەدا دامەزرانی دەوڵەتی کوردی مەروانی بەخاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ دادەنرێت. بنەماڵەی مەروانی سەربە هۆزێکی کوردی ناوچەکانی زەوزان و ئەرمەنییە، لە تەنیشت ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر بوون. بە گوێرەی فارقی ناوی هۆزەکەی باد بن دۆستەك، بناغەدامەزرێنەری دەوڵەتی مەروانی و خوشکەزاکانی واتە بەنی مەروان، چاربۆختی (حاربختی) بوو و لە نزیك سەعرد و مەعدەن لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر، ژیانیان بەسەر دەبرد (فارقی، ص ٥٩، ٤٩) لەسەرەتادا زۆربەی بزاڤەکانی باد بن دۆستەك و عەشیرەکەی لە ناوچەکانی دەرەوی سنووری دیاربەکر بوو. لە نێوان ساڵەکانی ٣٥٨ تا ٣٦٨ کۆچی/ ٩٦٩ تا ٩٧٩زاییینی، باد توانی هێز و دەسەڵاتی خۆێ لە ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی وان، بچەسپێنێت (فارقی، ص ٥٩، ٤٩). ناوبانگی "غازی" کە باد هەیبوو (بڕوانە: ابن اثیر، ج٩، ص ٣٥؛ ٧١؛ ابن خلدون، ج٣، ص٥٣٧)، ئەوە دەردەخات کە لەم قۆناغەدا، گرنگترین



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چالاکی باد و هۆزە کوردەکانی هاوپەیمانی لەم ناوچانەدا، جیهاد لە دژی مەسیحیەکان، واتە ئیمپراتوری بیزانتی و ئەرمەنیەکانی هاوپەیمانی بووە. دوای مردنی عضدالدولە دەیلەمی، باد بە کەڵك وەرگرتن لە لاوزبوونی دەوڵەتی دەیلەمیەکان، ڕووی سەرنجی بەرەو ڕۆژئاوا و ناوچەی دیاربەکر گەڕاندەوە و لە ساڵی ٣٧٤ك/ ٩٨٤ز، دەستی بەسەر ئامەد و میافارقین و شارەکانی تری ناوچەی دیاربەکردا گرت (فارقی، ص ٥٢-٥١؛ ابن اثیر، ج٩، ص٣٦). بەم چەشنە کوردەکان بۆ یەکەم جار ناوچەی دیاربەکر و شارە گرنگەکانی ئەوێیان داگیر کرد و ئەم ناوچانە بۆ ماوەی نزیك لە یەك سەدە لە ژێر دەسەڵاتی مەروانیەکاندا مایەوە.

سەرکەوتنەکانی باد بن دۆستەك و مەروانیەکان، پێش هەموو شتێك بەهۆی هۆزە جەنگاوەرە کوردەکانەوە بەدەست هاتبوو. هۆزەکوردەکان هێزی سەرەکی پشتیوان دەوڵەتی مەروانیان پێك دەهێنا. تا ڕادەیەك کە سەرچاوەکان زۆر جار بۆ ئاماژە بە هێزەکانی باد بن دۆستەك، تەنیا وشەی " ئەکراد" یان بەکار هێناوە (بڕوانە: ابن مسکویە، ج٧، ص ٢١١؛ فارقی،ص ٩٥-٩٤). ئەمانە ئەو هۆزە کوردانە بوون کە لە ناوچەکانی هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر وەك ئەرمەنییە و زەوزان و هەکاری، ژیانیان بەسەر دەبرد. بێجگە لە چاربۆختی کە هۆزی بنەماڵەی مەروانیەکان بوو (فارقی، ص ٤٩،٥٩)، کوردە بەشنەویەکان گرنگترین هۆزی پشتیوانی دەوڵەتی مەروانی بوون و مێژوونوسان لە شوێنی جیاجیادا باسیان لە پێگەی گرنگی ئەم هۆزە لەناو دامەزراوەی دەوڵەتی مەروانی و پشتگری ئەوان لە مەروانیەکان کردوە (ابن خلدون، ج٤، ص ٣٢٤؛ هەروەها بڕوانە: عبدالرقیب یوسف، ج١، ص ١١٤؛ زار صدیق توفیق، ٢٠١٣، ص ٢١٠). شاعرێك بە ناوی حوسەین بن داوودی بەشنەوی کە ابن اثیر بە " شاعیری بەنی مەروان" ناوی لێ هێناوە، لە قەسەیدەیەکی عەرەبیدا نازناوی " یاوەرانی بەنی مەروان" (انصار بنی مروان) ی بە بەشنەویەکان داوە (ابن اثیر، ج٩، ص٧٠). هەروەها لەو هۆزەکوردانەی کە ڕۆڵی گرنگیان لە دامەزراوەی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی مەروانیدا گێڕاوە، دەکرێ ئاماژە بە هۆزەکانی بۆختی، دۆنبۆلی و چۆپی بکرێت (بڕوانە: فارقی، ص ٩٣؛ ابن اثیر، ج٩، ص ٦٠٦). شوێنی نیشتەجێ بوون و ژیانی ئەم هۆزانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی دیاربەکر هەڵکەوتبوو.

پاش ئەوەی مەروانیەکان دەستیان بەسەر ناوچەی دیاربەکردا گرت، زەمینەیەکی لەبار بۆ هۆزەکوردەکان وەکوو هێزی یەکەمی پشتیوانی دەوڵەتی مەروانی ڕەخسا تاکوو هەرێمەکانی خۆیان بەرەو ڕۆژئاواو ناوچەی دیاربەکر بەرفراوانتر بکەن و لەم ناوچانەدا نیشتەجێ بن. هەبوونی هۆزە کوردیەکانی پشتیوانی دەوڵەتی مەروانی، بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتیان مەروانیەکان لەم ناوچانەدا، پێویست بوو، لەهەمان کاتدا پێگەی ستراتیجی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دیاربەکر وەکوو بەرەی پێشەوەی بەرگری لە "دارۆلئیسلام" و پێگەیەك بۆ جەنگ و جیهاد دژی" دارۆلکوفر" هۆکارێکی تر بوو کە زەمینەی بۆ بڵاوبوونەوەی هۆزەکوردەکانی پشتیوانی دەوڵەتی مەروانی بە ناوچەی دیاربەکردا، خۆش دەکرد. مەقدەسی لە ئاماژە بەمەدا شاری ئامەدی بە " دارالجهاد" پێناسە کردووە (مقدسی،ص ١٣٦). یەکێك لە دەروازەکانی ئەم شارە کە بەرەو ڕۆژئاوا، واتە بە ئاراستەی دەرچوونی سوپای موسڵمانەکان بۆ جەنگ لەگەڵ ڕومیەکان دەکرایەوە، بە " باب الجهاد" دەناسرا (عبدالرقیب یوسف،ج١، ص ١٣٦). بە پێی گێڕانەوەیەك لە سەردەمی نصرالدولە ی مەروانیدا بە دەیان هەزار جەنگاوەر و " مجاهد" لە ئامەد دەژیان (ابن عدیم،ج٣، ص ١١٣١)، کە بەهۆی ئەوەی کوردەکان هێزی سەرەکی پشتیوانی دەوڵەتی مەروانی بوون، زۆربەی ئەم جەنگاوەرانە دەبێ کورد بووبن.

مەروانیەکان پاش دەستبەسەرداگرتنی دیاربەکر، حوکمڕانی شار و ناوچە جیاجیاکانی دیاربەکریان بە دەستووپێوەندەکان خۆیان بەخشی. زۆربەی ئەمانە ئەندامانەی بنەماڵی مەروانی یان سەرۆك هۆزە کوردەکان بوون کە بە پشتیوانی سەرەکی دەوڵەتی مەروانی دادەنران و دوای ئەوەی کە حوکمڕانی شار یان ناوچەیەکیان بەدەست دەگرت لەگەڵ بەشێك لە هۆز و عەشیرەتەکەی خۆیاندا لەو شوێنانە نیشتەجێ دەبوون. لە ساڵی ٣٧٤ ك/ ٩٨٤ز، باد بن دۆستەك دوای ئەوەی دەستی بەسەر شاری میافارقیندا گرت، براکەی خۆی ابوالفوارس حسین بن دوستەکی بە حوکمڕانی ئەم شارە دانا کە بە وتەی فارقی ناوی لەسەر زۆر شوێن لە شورەی میافارقین دەبیندرا (فارقی، ص٥٢). لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ممهدالدولە ی مەروانیشدا (٣٨٧-٤٠١ ك/ ٩٩٧- ١٠١١ز)، یەکێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان بە ناوی شیرۆیە بن مەم، قەڵای ستراتیجی هەتاخی بە ئیقتاع پێ بەخشرابوو (فارقی، ص٨٨؛ ابن اثیر،ج٩، ص٧٣) شاری ئامەد کە دوای کوژرانی ئەمیر ئەبووعەلی مەروانی (لە ٣٨٧ ك/ ٩٩٧ز)، بۆ ماوەیەك لە ژێر حوکمڕانی مەروانیەکاندا نەمابوو، لەبەرانبەر بڕێك پارە و بەمەرجی ناوهێنانی ئەمیری مەروانی لە خۆتبەدا، لە دەست دوو کەس لە گەورەکانی ئەم شارە بە ناوی ابن عبدالبر و ابن دمنە دا، مایەوە، بەڵام سەعرەد لە ئیقتاعی یەکێك لە براکانی ئەمیر ممهدالدولە بە ناوی احمد بن مرواندا بوو (قادر محمد حسن، ص ١٧٤). نصرالدولە ی مەروانیش (٤٠١-٤٥٣ ك/١٠١١- ١٠٦١ز) بێجگە لە ئەندامانی بنەماڵی مەروانی و سەرۆك هۆزەکوردەکان، خۆی ژمارەیەك زۆر کوڕی هەبوو کە حوکمرانی ناوچە جیاجیاکانی قەلەمڕەوەکی خۆی پێ سپاردبوون یا بە ئیقتاع دابونێ (عبدالرقیب یوسف،ج١، ص ٢٤٤). لە ساڵی ٤١٥ ك/ ١٠٢٤ك، ئەمیر نصرالدولە پاش گەڕاندەوەی دەسەڵاتی مەروانیەکان بۆ ئامەد، حوکمڕانی ئەم شارەی بە کوڕە گەورە و هەرە خۆشەویستەکەی خۆی، ابوالحسن سعدالدولە سپارد و پاش مردنی ئەم لە تەمەنی لاوێتیدا، یەکێك دیکە لە کوڕەکانی خۆی کرد بە حوکمڕانی ئامەد (فارقی، ص ١٢٦-١٢٤). کوڕێکی تری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەمیر نصرالدولە بە ناوی ابوحرب سلیمان حوکمڕانی جەزیرەی ئیبنی عومەر بوو کە لە ساڵی ٤٧٧ ك/ ١٠٨٤ز، لە ئاژاوەیەك کە لەگەڵ هۆزە کوردەکانی ئەم ناوچەیە بەرپا بوو، کوژرا (ابن اثیر، ج٩، ص٦٠٦). لە کۆتاییەکانی سەردەمی مەروانیشدا حوکمڕانی جەزیرەی ئیبن عومەر  لە لایەن ناصرالدولە دواهەمین ئەمیری مەروانیەوە ( ٤٧٢-٤٧٨ ك/ ١٠٧٩-١٠٨٥ز) بە مامی خۆی حسین بن نصرالدولە بەخشرابوو. ناوبراو بە پشتیوانی هۆزە کوردەکانی ناوچەکە، ماوەیەکیش دوای ڕووخانی دەوڵەتی مەروانی، توانی درێژە بە بەرەنگاربوونەوەی تورکەسەلجوقیەکان بدات (فارقی، ص ٢٠٩-٢٠٨).

هەندێك ڕاپۆرتی مێژوویی گۆڕانی پێکهاتەی نەتەوەیی دیاربەکر و جێگیربوونی کورد لە ناو شارەکانی ئەم ناوچەیە لە سەرەدەمی مەروانیەکاندا پشتڕاست دەکەنەوە. ئەمە بو بە هۆی ئەوەی هەندێ ناکۆکی لە  نێوان کوردەکان و دانیشتوانی ئەم شارانە ڕوویدات.  لە ساڵی ٣٨٠ ك/ ٩٩٠ز پاش کوژرانی باد بن دۆستەك، خەڵکی میافارقین لە دژی کوردەکان ڕاپەڕین کە دواتر ئەمیر ابوعلی حسن بن مەروان (٣٨٠-٣٨٧ ك/ ٩٩٠- ٩٩٧ز)  بە توندی ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد. دوابەدوای ئەم ڕوداوانە خەڵکی میافارقین ناچار بوون شارەکە بە جێ بهێڵن و  بە وتەی سەرچاوەکان، " کوردەکان بێجگە لە  لایەنگرانی دەوڵەتی مەروانی، ڕێگایان بە کەس نەدا بۆ شارەکە بگەڕێنەوە" (فارقی، ص ٦٨-٦٩؛ ابن اثیر، ج٩، ص ٧٢).

لەگەڵ ڕوخانی دەولەتی مەروانیدا، سەرەڕای ئەوەی لە سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوانزەی زایینی دا، دەوڵەتە بەرەگەز تورکەکانی وەك زەنگیەکانی موسڵ و ئۆرتۆقیەکان بە سەر ناوچەی دیاربەکردا زاڵ بوون، بەڵام حوکمڕانی تورکەکان گۆڕانێکی ڕادیکاڵی لە پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە و بە تورکبوونی دا، لێنەکەوتەوە. سەبارەت بە هۆکاری ئەمە دەکرێت بوترێت کە هۆزە تورکەکان بە پێچەوانەی کوردەکانەوە، ناوەندەکانی نیشتەجێبوونیان لە نزیك ناوچەی دیاربەکر و جەزیرەدا نەبوو. تەنانەت بنەماڵە تورکەکانی وەك زەنگیەکان و ئەرتۆقیەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر پشتیان بە هۆزە کورد و عەرەبەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەبەست. لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی زەنگیەکاندا، دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە قەڵاو و شورەی سەرۆك هۆزە کوردەکاندا گیرا و لە سەربەخۆیی  و سەرەڕۆیی سەرۆك هۆزەکان کەم بوویەوە، بەڵام کوردەکان وەك هێزێکی گرنگ چوونە ناو سوپای زەنگیەکانەوە. سەرچاوەکان لە کاتی گێڕانەوەی ڕوداوە مێژووییەکاندا ئاماژەیان بە ڕۆڵی گرنگی هۆزە کوردەکان- لە تەنیشت تورکمانەکان- لە ناو سوپای زەنگیدا کردوە (بڕوانە: الفقی، ص ٤٤) بە وتەی میخائیلی سوریانی، کوردەکان لە کاتی گرتنەوەی ڕها لە لایەن عیمادالدین زنگیەوە (ساڵی ٥٣٩ك/



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١١٤٤ز) هێزێكی كاریگەری ناو سوپاكەی بوون (میخائیل سریانی، ج٣، ص ٣٣٤). كوردەكان هەروەها هێزی سەرەكی ناو سوپای ئەرتوقیەكانی ماردین و دیاربەكریان پێكدەهێنا كە فەرمانڕەوای ناوچەیەك بوون كە پێكهاتەی خێڵەكانی پتر كوردی بوو (كاتب اصفهانی، ١٩٨٧، ج٥، ص ٤١). بۆیە لە سەدەی شەشەم/ دوانزەهەم، لە سەردەمی حوكمڕانی بنەماڵە توركیەكانی وەك زەنگی و ئەرتقیەكانیشدا، بەردەوام زەمینەیەكی لەبار بۆ بزاڤی هۆزەكوردەكان بەرەو ڕۆژئاوای ناوچەی دیاربەكر و جێگیربونیان لە ناو شارەكانی ئەم ناوچەیە، فەراهەم بوو.

خاڵێكی تری وەرچەخان لەم پرۆسەیەدا، بە دەسەڵات گەهیشتنی كوردە ئەییوبیەكان لەم ناوچانە بوو. هۆزە كوردە جەنگاوەرەكان لەم سەردەمانەدا بە یەكێك لە هێزە جەنگاوەرە هەرە باشەكانی جیهانی ئیسلامی دەژمێردران و زۆرێك لە حوكمڕانە موسڵمانەكانی ناوچەكە، سودیان لە خزمەتە سەبازیەكانی ئەوان وەردەگرت. ئەییوبیەكان، لقێك لە هۆزی گەورەی كوردی هەزبانی بە ناوی ڕەوادی بوون كە لە ناوچەكانی دەورووبەری شاری دوین، لە نزیك قارس و ئیرەوانی ئەوڕۆدا ( لە نزیك كۆماری ئێستای ئەرمەنستان لە باكووری خۆرهەڵاتی توركیا)، دەژیان (ابن اثیر، ج١١، ص ٣٤١؛ ابن خلكان، ج٧، ص ١٣٩). ئەییوب كوڕی شادی و براكەی شێركۆ كوڕی شادی ( باوك و مامی سەلاحەددین) وەكوو زۆرێك لە كوردانی دیكە بە مەبەستی پێبشكەش كردنی خزمەتی جەنگاوەری و سەربازی ڕوویان لە عێراق كوردبوو و ماوەیەك لە خزمەتی مجاهدالدین قایماز، شەحنەی بەغدادا بوون. هەندێ لێكۆڵەران پێیان وایە لەم سەردەمەدا جگە لە هۆكار و پاڵنەری وەك پێشكەش كردنی خزمەتی جەنگی و سەربازی، ڕوخانی دەوڵەتی كوردی شەدادی و زۆربوونی گوشاری هۆزە گورجی و مەسیحیەكانی ناوچەكە لەسەر كوردەكان، هۆكارێكی گرنگی كۆچكردنی هۆزە كوردەكانی ئەو ناوچانە و هاتنیان بەرەو ناوچەكەنی تری جیهانی ئیسلامی وەك جەزیرەو و عێراق و شام، بووە (سهیل زكار، *الموسوعه الشامیه فی تاریخ الحروب الصلیبیه*، ج٣، ص ١٢١٩). ئەم پرۆسەیە بە تایبەت دوای دەسەڵات گرتنی كوردە ئەییوبیەكان خێراتر بوو و ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە هۆزە كوردەكان، بە تایبەت لە وڵاتەكانی وەك ئەرمەنییە، ئازەربایجان، زەوزان، هەكاری و ناوچەكانی تەنیشت خۆرهەڵاتی دیاربەكر و جەزیرە، ڕوویان لە هاونەژادەئەیووبیەكانی خۆیان كرد. بە تایبەت كە دەستپێكردنی شەڕی سەلەیبی و لە ئارادابوونی جیهاد دژی كافرەكان، پاڵنەرێكی بەهێز و لە هەمان كاتیشدا ڕەوایی بەخشی ئەم كۆچە گەورەیە بوو. دەگوترێ كە تەنانەت پێش دامەزرانی ئەیوبیەكان لە فەرمانڕەوایی میسر، كاتێك كە اسدالدین شیركو مامی سەلاحەدین لە لایەن نورالدین زنگیەوە حوكمڕانی حەلەب بوو، ژمارەیەكی زور لە هۆزەكوردە كان ڕوویان تێ كردبوو و لە دەوری كۆبووبوونەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

(هەمان، ج٣، ص ١٢١٩). دواتریش اسد الدین شێرکۆ هێزێکی بە ناو " اسدیە" پێکهێنا کە پێکهاتەی سەرەکی لە کورد و فەرماندەکانی زۆرتر لە ئیلیتی سەربازی کورد بوون (بڕوانە: ابی شامە، ج٤، ص ٤٢٦؛ مقریزی، ج٣، ص ٧٥٩، ٤٠٩؛ ابن تغری بردی،ج٦، ص ١٢٣). هۆزە کوردەکان ڕۆڵی سەرەکیان لە بەدەسەڵات گەیشتنی ئەیووبیەکان لە میسر و دواتر پەلهاویشتنی دەوڵەتەکەیان بۆ ناوچەکانی تر گێڕا. دوای بەدەسەڵات گەیشتنی سەلاحەدینی ئەیووبیش لە میسر بە وتەی نویری "هۆزەکوردیەکان لە هەموو لایەکەوە ڕویان تێ کرد" (نویری، ج٣٣، ص ١٥٨-١٥٧). تا ئەو جێگایەی کە کوردەکان هێزی سەرەکی سوپای صلاح الدین ایوبیان پێك دەهێنا (محمد بن احمد ابن ایاس،ص ١٣٤). لە نێو ئەو هۆزە کوردیانەی کە ڕویان لە خزمەتی ئەییوبیەکان کرد و دواتر ڕۆڵی گرنگیان لە دامەزراوەی سەبازی و سیاسی دەوڵەتی ئەییوبیدا گێڕا، هەکاریەکان و حەمیدیەکان ڕۆڵێکی یەکجار بەرجەستەیان گێڕا. هەروەها سەرچاوەکان ناوی ژمارەیەکی زۆری لە هۆز و سەرۆك هۆزە کوردیەکانی تریان هێناوە کە لە خزمەت ئەییوبیەکاندا بوون: لەوانە هۆزەکانی ڕەواددی، زەرزاری، هەزبانی، مەهرانی، قەیمەری و دۆنبۆلی (بڕوانە: ابن اثیر، ج٤،ص٣٦٢؛ ج١٢، ص ٣٥). زۆربەی ئەم هۆزانە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی جەزیرەو و دیاربەکرەوە ڕویان لە خزمەتی ئەییوبیەکان کردبوو.

هۆزە کوردەکان، هێزی سەرەکی و نێوەندی سوپای ئەییوبیان بوون. بۆیە لەو ناوچانەی کە ئەییوبیەکان دەستیان بەسەردا دەگرت، کوردەکان وەکوو هێزی پشتیوان و لایەنگری سەرەکی دەوڵەتی ئەییوبی نیشتەجێ دەکران. ئەم سیاسەتە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئەییوبی لەو ناوچانە پێویست بوو. هەروەها سیاسەتی بەخشینی ئیقتاع (اقطاع) کاریگەریەکی زۆری بەسەر گۆڕانی دیموگرافی ئەم ناوچانەوە هەبوو. ئەیووبیەکانیش وەك دەوڵەتانی پێش خۆیان، لە بەرانبەر پێشکەش کردنی خزمەتی سەربازی، پارچەیەك زەوی یان ناوچەیەکی دیاریکراویان بە سەردار و فەرماندە سەربازیەکانی خۆیان دەبەخشی کە پێی دەگوترا " اقطاع". ئەو کەسەی کە ئیقتاعی وەردەگرت (واتە: مقطع)، لەگەڵ سوپاکەی خۆی و ژمارەیەکی زۆر لە دەستوپێوەندەکانی- کەزۆرجار سەربە هۆز و عەشیرەکەی خۆی بوون- لە " اقطاع"ەکەی خۆی دادەمەزرا و لە کاتی پێویستدا بۆ ئامادەبوون لە سوپای ئەییوبی بانگهێشت دەکرا (سوادی عبد محمد، ص ٢٣٦؛ محسن محمد حسین،ص ٨٥، ٨٣). لەدەرئەنجامی ڕۆڵی بەرجەستەی کوردەکان لە سوپای ئەییوبیدا، زۆرێك لە خاوەن ئیقتاعەکان لە سەرداران یا سەرۆك هۆزە کوردەکان یان لە ئەندامانی بنەماڵی ئەییوبی بوون.

لە ناوچەی جەزیرە و دیاربەکریش، ئەییوبیەکان ئیقتاعێکی زۆریان بە سەرۆك هۆزە کوردەکان یان ئەندامانی بنەماڵی ئەییوبی بەخشی. سەلاحەددین دوای ئەوەی دەستی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەسەر جەزیرەدا گرت، حوکمڕانی دیاربەکر و ڕەققەی بە عادلی برای سپارد و جمال الدین خۆشترین زەرزاری بە والی ناوچەی خابور دانرا (زرار صدیق توفیق، ص ٣٦١- ٣٦٠). حەڕڕان لە لایەن سەلاحەدینەوە درا بە برازاکەی ملك مظفر تقی الدین عمر بن شاهنشاه ایوب و دوای مردنی ئەو لە ساڵی ٦١٧ ك/١٢٢٠ز ملك عادل ایوبی حەڕڕانی بە کوڕەکەی خۆی کامل بەخشی (ابن شداد، ج٣، ص ٥٩-٥٨). نۆسەیبین دوای گرتنی لە ساڵی ٥٧٨ ك/ ١١٨٢ز لە لایەن سەلاحەدینەوە درا بە حسام الدین ابوالهیجاء هکاری (محسن محمد حسین، ص ٩٠). کوڕی یەکێك لە سەرداره ناودارەکانی سەلاحەدین واتە سیف الدین مشطوب هکاری (مردن لە ساڵی : ٥٨٨ك/ ١١٩٢ز) کە بە " ابن مشطوب" دەناسرا، ناوچەی راس العینی بە ئیقتاع پێدرابوو. ابن مشطوبی هەکاری لە ساڵی ٦١٧ ك/ ١٢٢٠ز، بە پشتیوانی ئەو هێزە کوردیەکەی کە لە ئیقتاعەکەیدا بلاو بوبوونەوە، یاخی بوونێکی لە دژی ملك اشرفی ایوبی بەرپا کرد (بڕوانە: ابن ابی جراده، ج٢، ص ٦٥١). هەروەها ئەیوبیەکان دوای دەست بەسەرداگرتنی ڕها کە لەو پەڕی ڕۆژئاوای دیاربەکر و لە خاڵی پێشەوەی ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ خاچ پەرستەکان هەڵکەوتبوو، دەسەلاتی خۆیان زۆرجاریە سەرۆك هۆزە کوردەکان یان ئەندامانی بنەماڵەی ئەییوبی دەدا (بڕوانە: ابن شداد، ج٣، ٩٨-٩٦).

لەسەردەمی ئەییوبیدا، کوردەکان لە سەرانسەری ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئەییوبی بە تایبەت لە شام کە مەیدانی سەرەکی شەر لەگەڵ خاچ پەرستەکان بوو، بلا بوبوونەوە. بە گوێرەی نوسینی ابن فضل الله عمری ( مردن لە ساڵی ٧٤٩ ك/ ١٣٤٨ز)، کورد تەنانەت لە ولاتی دورەدەستی وەك یەمەن کە ماوەیەك لە ژێر دەسەلاتی ئەییوبییەکاندا بوو، نیشتەجێ بوبوون و تەنانەت ماوەیەکی زۆریش دوای نەمانی دەوڵەتی ئەیوبی لەو ولاتە مابوونەوە و لە ڕووداوە سیاسی و سەربازیەکانی ئەوێدا کاریگەرییان هەبوو (بڕوانە: ابن فضل الله عمری، ج٤، ص ٣٣). بۆیەش دوای دەستبەسەردا گرتنی دیاربەکر لە لایەن ئەیووبیەکانەوە، هۆزەکوردەکان بە شێوازێکی چڕتر و فراوانتر، لەم ناوچەیە بلاو بوونەوە. بە تایبەت بە هۆی ئەوەی کە ناوچەی دیاربەکر لە ناوەندەکانی حەشیمەتی هۆزە کوردەکان نزیك بوو، هەل بۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە هۆزە کوردەکان رەخسا کە لەم ناوچەیە نیشتەجێ بن. زانیاری سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەم، هۆزە کوردەکان لە ڕووی چەندایەتیەوە زۆرتر و لە ڕوی جۆگرافیەوە لە پانتاییەکی بەرفراوانتر لە ناوچەی دیاربەکردا دەبینرێن (بڕوانە: تەوەری شەشەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە). هۆزە کوردەکان تەنانەت لە هەندێ ناوچەی ڕۆژئاوای فوراتیش نیشتەجێ بوبوون، بە نوسینی ابن عدیم، لە سەدەی حەوتەمدا، پێکهاتەی خێڵەکی ناوچەکانی دەورووبەری شاری حەدەس (حدث) لەو پەڕی چەمی فورات- نزیك ناوچەکانی مەلەتیە (ملطیە) و مەرعەش (یاقوت حموی، ج٢، ص ٢٢٧) - زۆرتر لە هۆزە کوردەکان پێکهاتبوو (ابن عدیم،ج١، ص ٢٣٩).

## تەوەری پێنجەم

# پێکهاتەی ئیتنیکی شارەکانی ئامەد و میافارقین لە لە سەدەکانی پێنجەم تا هەشتەمی کۆچی/ یانزەهەم تا چواردەیەم زایینی یدا

شاری ئامەد، ناوەند و گەورەترین شاری ناوچەی دیاربەکر، بەو شێوەی کە لە زانیاری سەچاوەکان و لێکدانەوەی نیشانە و هێماکانیان دەرئەکەوێ، لەم سەردەمەدا پێکهاتەیەکی تێکلاو لە چەند گروپی ئیتنیکی و ئایینی هەبوو. لە ڕووی ئایینیەوە زۆرینەی دانیشتونی شاری ئامەد موسڵمان و کەمینەیەکی بەرچاو لە مەسیحیە سوریانیەکان بوون. ژمارەیەکی زۆر مزگەوت، مەدرەسە و مەزارگەی ئیسلامی و کەسایەتی زانستی و ئایینی موسڵمان کە سەر بەم شارەبوون، سیمای شارێکی موسڵمان نشینیان بە ئامەد دابوو (بڕوانە درێژەی ئەم بابەتە ). لەگەڵ ئەمەشدا زانیاری سەرچاوەکان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە موسڵمانانی شاری ئامەد سەر بە کام گروپی نەتەوەیی و ئیتنیکی کورد، عەرەب یان تورکمان بوون، بەس نیە. بەڵام لە ڕووی ئەوەی کە شاری ئامەد بە تایبەت لە لایەن ڕۆژهەڵاتەوە لە جۆگرافیای ژیانی هۆزە کوردەکان نزیك بوو، هەروەها لەبەر ئەوەی هۆزەکوردەکان لەم سەردەمەدا یەکەم هێزی جەنگاوەری حوکمڕانانی شارەکە بوون، دەشێت بەشێکی زۆر لە دانیشتوە موسڵمانەکانی شاری ئامەد لەم سەردەمانەدا، لەو کوردانە بووبن کە لە پێکهاتەی خێڵەکی دەورووبەری شارەکەوە، ڕوویان لە ئامەد کردبوو. بە پێی سەرچاوەیەك، کاتێ کە لە ساڵی ٦٢٣ کۆچی/ ١٢٢٦زایینی، سوپایەکی سەلجوقیەکانی ڕوم بۆ داگیرکردنی ئامەد هاتە سەر ئەم شارە کە لەو کاتەدا لە دەست بنەماڵی ئەرتوقیدا بوو، یەکێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان بە ناوی فخرالدین ابن دیناری، بەرگری لە قەڵای شارەکەی لە ئەستۆ بوو. بە وتەی سەرچاوەکە، ئەم سەرۆك هۆزە کوردە، بە کۆڵەکەی سەرەکی بەرگریکاران لە شاری ئامەد دادەنرا (ابن بی بی، ص ٢٢٦-٢٢٤). هەروەها ئەو ڕاستیەی کە لە ڕوی ناو و نازناوی هەندێ لە کەسایەتیەکانی سەر بە شاری ئامەد، عەرب بوونیان دەسەلمێ، وادەکات کە بەشێك لە دانیشتوانی شاری ئامەد بە عەرەب بزانین. لە کەسایەتیە عەرەبەکانی سەر بە شاری ئامەد دەکرێ ئاماژە بە زانای ناسراوی بواری فیقە ابوالحسن بن محمد بن سالم تغلبی ناسراو بە



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سيف الدين ئامەدی (كۆچی دوايی: ٥٨٣ ك/ ١١٨٧ز) و عبدالواحد التميمی ئامەدی (كۆچكردووی لسەدەی شەشەمی كۆچی/ دوانزەهەمی زايينی) بكەين (ابن خلكان، ج٣، ٢٩٤-٢٩٣؛ خير الدين، زركلی، ج٤، ص ٣٣٢، ١٧٧)٠ جگە لەمە شاری "حانی" لە نزيك ئامەديش لەم سەردەمەدا شوێنی لەدايكبوونی هەندێ كەسايەتی ناسراوی عەرەب وەك زانای ناسراوی حەديس، ابوالصالح حنوی شيبانی (كۆچی دوايی لە ساڵی ٥٤٠ك/ ١١٤٥ز ) و سديد الدين شيبانی، ناسراو بە ابن زقيقە (كۆچی دوايی لە ساڵی ٦٣٥ ك/ ١٢٣٨ز) زانا، ئەديب و هەروەها پزيشكی ناسراوی سەدەكانی شەشەم و حەوتەمی كۆچی/ دوانزەهەم و سيانزەهەمی زايينی بوو (ذهبی، ج٣٦، ص٥٤٢-٥٤١؛ زركلی، ج٧، ص ١٧٨).

جگە لە نەتەوە بە ئايين موسڵمانەكانی وەك كورد و عەرەب كە بەسەريەكەوە زۆرينەی دانيشتوانی شاری ئامەديان پێكدەهێنا، كەمينەيەك لە مەسيحيە سوريانيەكانيش لەم شارە دەژيان. لەسەدەی شەشەمی كۆچيدا ئامەد ناوەندێكی "بطريق نشينی" كەنيسەی سوريانی بوو كە ئەمە هەبوونی ژمارەيەكی بەرچاوەی سوريانيە مەسيحيەكان لەم شارەدا دەسەلمێنێت (ميخائيل سريانی، ج٣، ص ١٨٣، ٢٢٠). هەروەها لە ناوەندەكانی تری مەسيحيە سوريانيەكان لە شاری ئامەد، ابن شداد ناوی دوو "دێر" ی هێناوە كە ناوی يەكێكيان "مەنازی" بوو و ئەوی تريان بەناوی " دێر مەريەم/ بەيعە مەريەم" لە تەنيشت دەروازەی رۆژئاوای شارەكە (باب الروم) هەڵكەوتبوو (ابن شداد، ج٣، ٢٥٩-٢٥٨). ميخائيلی سوريانی ناوی دوو لە بنەماڵە سوريانيە بەناوباگەكانی شاری ئامەدی بۆمان گواستۆتەوە. بنەماڵەی يەكەم كە بە " آل كامرا" ناسرابوو، بنەماڵەی "بطريق"ی بوو و "بطريق"ەكانی شاری ئامەد زۆرجار سەر بەم بنەماڵەيە بوون. بنەماڵەكەی تر كە دەستێكی زۆری لەنێو مەسيحيەكان ئامەددا دەرۆيشت، لە گوندێكی نزيك شاری ئامەد بە ناوی "قەنقەرد؟" دەژيا. لەم گوندە كە لەوانيە يەك لە گوندە مەسيحی نشينەكانی دەوروبەری ئامەد بووبێت، دێرێكی مەسيحيەكان هەبوو كە بە ناوی گوندەكەوە بە "دێر قەنقەرد" دەناسرا (ميخائيل سريانی، ج٣، ص ١٨٣، ٢٢٠).

ميافارقين شارێكی تری ناوچەی دياربەكر بوو كە هەرچەندە لە كۆتايی سەدەی پێنجەمەوە، دوای لەناوچوونی دەوڵەتی مەروانی، پێگەی جارانی وەك ناوەندی دەسەڵاتی سياسی نەما، بەڵام بەردەوام بە يەكێك لە گەورەترين و بەناوبانگترين شارەكانی دياربەكرلە ئەژمار دەدرا (ادريسی، ج٢، ص ٦٦٣؛ ياقوت حموی، ج٥، ٢٣٦). زۆرينەوی دانيشتوانی ميافارقين موسڵمان بوون كە ئەمە بە زۆربوونی ناوەندە ئيسلاميەكانی ئەم شارەدا دەردەكەوێت. لەم سەردەمەدا ميافارقين پتر لە سەد مزگەوتی تێدا هەبوو كە لە ناو ئەم مزگەوتانەدا مزگەوتی جامعی شارەكە كە بە جاميعی بەنی مەروان دەناسرا،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ناوبانگێکی تایبەتی هەبوو. هەروەها ژمارەیەکی زوری مەدرەسە لەوانە مەدرەسەی تایبەت بە مەزهەبەکانی حەنبەلی، شافیعی و حەنەفی لە میافارقیندا بوونیان هەبوو (ابن شداد، ج٣، ص ٢٧٦). هەروەها ناوی چەندین مزارگە و شوێنی پیرۆزی ئیسلامی لەوانە مەزارگەی هەندێ ئەسحابی پێغەمبەر (د.خ) هەبوون کە خەڵکی میافارقین پێیان وابوو لەوێ نێژراون و رێزیان لێ دەگرتن (هروی، ص ٥٩). لەگەڵ ئەمەشدا زانیاری سەرچاوەکان، ئەوەی کە خەڵکی موسڵمانی میافارقین سەر بە کام ئیتنیکی کورد، عەرەب یانیش تورك بوون، بۆ پشت ڕاست ناکاتەوە. بەڵام لە ڕوی هەندێ نیشانەوە دەتوانیین بلێن موسڵمانانی ئەم شارە زۆرتر کورد بوونە. ئەم شارە لە نزیك ناوچەکانی ژیانی هۆزە کوردەکان هەڵ کەوتبوو. کوردەکان بێجگە لە سەردەمی سەد ساڵەی دەوڵەتی مەروانی، بەڵکوو دوای ئەویش لە سەردەمی زەنگی و ئەرتقوقی و بە تایبەت ئەیوبیەکاندا، ڕۆڵی سەرەکیان لە سوپای ئەم دەوڵەتانەدا هەبوو (میخائیل سریانی، ج٣، ٣٣٤؛ عصام عبدالرؤوف الفقی،ص٤٤؛ عماد الدین کاتب اصفهانی، البرق الشامی، ج٥،ص ٤١). بۆیە دەکرێ بڵێن لەم قۆناغەدا زەمینە بۆ بەردەوام بوونی پرۆسەی نیشتەجێ بوونی کوردەکان لە ناو شاری میافارقیندا لەبار بووە. ئەمە وادەکات کە کوردەکان بە نەتەوەی یەکەم لە ناو نەتەوە موسڵمانەکانی میافارقین دابنێین. مەسیحیە سوریانیەکان لەم سەردەمەدا پێدەچێ گروپێکی ئیتیکی کەم هەژمار و لاواز لە میافارقین بووبن. بە پێچەوانەی زۆرێك لە شارەکانی جەزیرە وەك ئامەد، ماردین، نۆسەیبین، نیشانەگەلێکی بەهێز بۆ سەلماندنی هەبوونی کۆمەڵگایەکی بەرچاوی سوریانیە مەسیحیەکان لە میافارقین لە سەرچاوەکاندا بەدی ناکرێت. سەرچاوەکان باسی هەبوونی کەنیسە یان دێر یان ناوەندێکی تری پەیوەست بە مەسیحیە سوریانیەکانیان لەم شارەدا نەکردووە. بە وتەی قەزوینی درێژێکی کۆنی مەسیحی لە میافارقین هەبوو کە لە سەردەمی ئەودا وێران بوبوو (قزوینی، ص ٥٦٥). هەڵبەت ئەمانە بە مانای نەبوونی ناوەندی مەسیحی دیکە یان نەبوونی ژمارەیەکی کەم مەسیحی لە شاری میافارقیندا نایەت. لە دەوروبەری میافارقین و لە ناو گوندنشینەکانی ناوچەکەیشدا ژمارەیەك مەسیحی سوریانی دەژیان. دێری مارتوما لە مەودای دوو فەرسەخی (١٢کم) شاری میافارقین لەم سەردەمەشدا ئاوەدان بوو و مەسیحیە سوریانیەکان لە بۆنەی جۆراوجۆر وەکوو جەژنە ئاینیەکانی خۆیاندا ڕوویان تێ دەکرد و نەزر و نیازیان پێشکەش دەکرد (یاقوت حموی، ج٢، ص ٥٣٤؛ قزوینی، ص ٣٧٢). بە گوێرەی ئیبن شەدادیش لە چیایەکی باکووری میافارقیندا ژمارەیەك دێری مەسیحیەکان هەبوون (ابن شداد، ج٣، ص ٢٧٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

# تەوەری شەشەم

## پێکهاتەی ئیتنیکی هۆزەکانی ناوچەی دیاربەکر لە سەدەی چوارەم تا هەشتەمی کۆچی/ دەهەم تا چواردەهەمی زایینی یدا

بێجگە لە دانیشتوانی شار و گوندەکان، بەشێکی زۆر لە حەشیمەتی ناوچەی دیاربەکر لە هۆزە کۆچەرەکان پێك هاتبوو. سەرەڕای ئەوەی کە زانیاری سەرچاوە مێژووییەکان تیشك ناخاتە سەر هاوسەنگی و نیسبەتی نێوان خەڵکی نیشتەجێ و کۆچەر، بەڵام لەڕووی ئەو ڕاستییەی کە " تا پێش سەردەمی مۆدێرن هۆزە کۆچەرەکان لە ناوچەکەدا بەردەوام ژمارەیان لە شارو و گوند نشینەکان زۆرتر بووە"، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە لە قۆناغی توێژینەوەکەشدا، بەشی زۆرتری حەشیمەتی ناوچەی دیاربەکر لە هۆزە کۆچەرەکان پێك هاتبوو.

پێکهاتەی هۆزەکانی ناوچەی دیاربەکر بە تایبەت بەشی ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئەم ناوچەیە، پتر کوردی بوو. سەرچاوەکانی ئەم سەردەمە دیاربەکریان بە ناوچەی ژیان هۆزە کوردەکان داناوە، یانیش لە سەرووبەندی باسکردن لە ڕوداوە سیاسیەکانی ناوچەکە، ئاماژەیان بە هەبوونی هۆزەکوردەکان داوە. بۆ وێنە ئاقسەرایی لە کاتی گێڕانەوەی هەندێ ڕوداوی سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوانزەهەمی زایینی، هێزە خێڵەکیەکانی دیاربەکری وەکوو " ئەکراد" یان " سوپای دیاربەکر و ئەکراد" ناوهێناوە (آقسرایی، ص ۲۸، ۲۷). هەروەها نوسەری *اخبار سلاجقە روم* کەسێك بەناوی فخرالدین ابن دیناری لە ساڵی ۵۲٦ ك/ ۱۱۳۲ز، بە " سەرۆکی هۆزە کوردەکانی دیاربەکر" ناوزەد کردوە (ابن بی بی، ص ۲۲٦-۲۲٤). زۆرێك لە سەرچاوەکان لە کاتی گێڕانەوەی چۆنیەتی کوژرانی سوڵتان جلال الدین خارەزمشا (لە ساڵی ٦۲۸ ك/ ۱۲۳۱ز)، ئاماژەیان بە هەبوونی هۆزە کوردەکان لە دەورووبەری شاری ئامەد و میافارقین کردووە. بە پێی ئەم سەرچاوانە سوڵتان جلال الدین دوای شکست لە دوژمەنکانی خۆی، بۆ ناو هۆزە کوردەکانی ئەم ناوچانە هەڵهات و دواتریش لەم ناوچانە کوژرا (نسوی، ص ۲۷۹؛ ابن عبری،ص ۲٤۷؛ابن فضل الله عمری، ج۲۷، ص ۲۸).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرەڕای ئەمانە سەرچاوەکان ناوی هەندێ لە هۆزەکوردەکانی ناوچەی دیاربەکریان هێناوە و شوێنەکانی نیشتەجێ بوونیان دەستنیشان کردووە. قەڵای هەتاخ لە نزیك میافارقین تا ساڵی ٥٣٢ ك/ ١١٣٨ز لە دەست کوردە مەروانیەکان واتە هۆزی چواربوختی دا مابوویەوە (فارقی، ص٥٩، ٤٩). هەروەها یاقوتی حەمەوی ئاماژەی بە هەبوونی " کوردە شامیەکان" لە نزیك میافارقین لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سیانزەهەمی زایینی داوە (یاقوت حموی،ج٥، ص ٢٣٦). هۆزی زەرقی لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی کۆچی/ دوانزەهەم و سیانزەهەمی زایینی، هەندێ شوێن وەك تەرجیل لە نزیك میافارقین و ئامەد و هەندێ ناوچەی نزیك حێسنکەیفایان لە دەستدا بوو (زرار صدیق توفیق، ٢٠١٠،ص ١٥١؛ هەروەها: بدلیسی، ج١، ص ٢٤٩-٢٣٨). قەیمەریەکانیش هۆزێکی تری کورد بوون کە بە هۆی ئەوەی دەدرانە پاڵ قەڵای قەیمەر بە قەیمەری ناویان دەرکردبوو. سەرچاوەکان شوێنی قەڵای قەیمەر و وڵاتی کوردە قەیمەریەکانیان بە وردی دەستنیشان نەکردوە. بە گوێرەی یاقوتی حەمەوی قەڵای قەیمەر لە نێوان موسڵ و ئەخلات دا (واتە ناوچەی دیاربەکر) هەڵکەوتبوو و زۆرێك لە حوکمڕانە کوردەکانی موسڵ و ئەخلات سەر بەم قەڵایە بوون (یاقوت حموی،ج٤، ص ٤٢٤). لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی کوردە ئەیووبیەکان لە میسر و شام زۆرێك لە سەرداره قەیمەریەکان ڕویان لە خزمەتی ئەیبوبیەکان کرد و لە ڕوداوەکانی میسر و شامدا ڕۆلێکی گرنگیان بینی. بە تایبەت هەندێ لە ئەمیرە قەیمەریەکان دەستێکی باڵیان لە کاری خزمەتگوزاری و بیناکردی مزگەوت و خەستەخانەدا هەبوو (نعیمی دمشقی، ج٢، ص ٢١٠- ٢٠٩، ١٥٨، ج١، ص ٢٣٩، ٢٣٥-٢٣٤). ئەمە وای کردوە کە قەیمەریەکان لە لای سەرچاوە میسریەکان ناوبانگێکی زۆر پەیدا بکەن و هەندێك لەم سەرچاوانەکان وڵاتی سەرەکی کوردە قەیمەریەکان و شوێنی قەڵای قەیمەریان لە ناوچەی دیاربەکر و نزیك شاری سەعرەد (سێرتی ئێستا) دەستنیشان کردوە (خلیل بن ایبك صفدی، *الوافی بالوافیات*، ج٢١، ص٢٥٠؛ محمد بن شاکر کتبی، *عیون التواریخ*، ج٢١، ص ٢٥٠). ناوچەی سەعرەد لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی کۆچی/ دوانزەهەم و سیانزەهەمی زایینی/دا ناوەندێکی گرنگی هۆزە کوردەکان بووە. بە شێوەیەك کە قاضی عیاض (کۆچی دوایی لە ٥٤٤ ك/ ١١٤٩ز)، ئەم ناوچەیەی بە شێوەیەکی تایبەت بە " بلاد الکرد" واتە " کوردستان" ناو هێناوە (قاضی عیاض، ص ١١٤).

هۆزی بەشنەوی یەکێك لەو هۆزانە بوو کە لە ناوچەکانی نێوان زەوزان و دیاربەکردا و هەروەها لە باکووری شاری جەزیرەی ئیبن عومەر ژیانی بەسەر دەبرد. بەشنەویەکان بە پشتیوانی سەرەکی دەوڵەتی مەروانی (٣٧٠-٤٧٨ ك/ ٩٨٠-١٠٨٥ز) دەناسران بەڵام دوای لە ناوچوونی ئەم دەوڵەتەش، دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچە شاخاویەکانی نێوان دیاربەکر و زەوزاندا پاراست. بە گوێرەی یاقوت حەمەوی، بەشنەویەکان لەم دەڤەرانەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەندێ قەڵا و شورەی قایەمیان وەك قەڵاكانی بەرقە، بەشیر و فەنەك هەبوو (یاقوت حموی، ج١، ص ٤٢٩، ج٣، ص ١٥٨). قەڵای فەنەك كە ناوەندی سەرەكی ئەم هۆزە كوردە بوو، دەكەوتە باكووری شاری جەزیرەی ئیبن عومەر (ابن اثیر، ج١١، ص١٠٩، ٤٣٨؛ قزوینی، ص ٤٣١)، عمادالدین زنگی (٥٢١-٥٤١ ك/ ١١٢٧-١١٤٦ز) لەگەڵ ئەوەشدا كە لە سەردەمی حوكمڕانی خۆیدا توانی دەست بەسەر زۆرێك لە قەڵای سەرۆك هۆزە كوردەكاندا بگرێت، لە داگیركردنی قەڵای فەنەكدا سەركەوتوو نەبوو. دوای ئەمە قەڵای فەنەك تا سەردەمی ابن اثیر (كۆچكردووی ٦٣٠ ك/ ١٢٣٣ز) بە دەست بەشنەویەكاندا مابوویەوە (ابن اثیر، ج١١، ص ١١٠-١٠٩).

كوردە بۆختیەكانیش هەر وەك بەشنەویەكان، لە هەندێك لە ناوچەی زەوزان لەگەڵ بەشی ڕۆژهەڵاتی دیاربەكر دەژیان. قەڵای جۆرزەقیل، گرنگترین قەڵای كوردە بۆختیەكان لەگەڵ دوو قەڵای تری ئەم هۆزە واتە ئاتیل و باز لە ناوچەی زەوزان و قەڵای عەلوس لە ئەرمەنییە هەڵ كەوتبوو (یاقوت حموی، ج٤، ص ١٤٧، ج٣، ص ١٥٨، ج٢، ص ١٢٤، ج١، ص ٣٢١، ٥١). بەڵام بەشێك لە هۆزی بوختیش لە دەورووبەری شاری جەزیرەی ئیبن عومەر نیشتەجێ بوبوون كە ئەمە بووە هۆی ئەوەی هێدی هێدێ ناوی جەزیرەی ئیبن عومەر و هۆزی بۆختی/ بوهتی لێك گرێ بدرێت و ئەم شارە لای كوردەكان بە جەزیرەی بۆتان/جەزیرا بۆتان ناو دەربكات (زرار صدیق توفیق٢٠١٣،ص ٢٠٧-٢٠٦). لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەرتوقیەكاندا بەشێك لە هۆزی بوختی لە دیاربەكر و جەزیرەی ئیبن عومەر هاوكاری ئەرتقیەكانیان كرد. ئیبن شەداد لە ناو سەردارانی ملك نجم الدین ایلغاری ئەرتوقیدا (٥٠٠-٥١٦ ك/ ١١٠٧-١١٢٢ز) ناوی دوو سەرۆك بۆختی بە ناوەكانی اسد الدین بختی و حسام الدین بختی هێناوە (ابن شداد، ج٣، ص ٥٧٠، ٥٦٤). بەڵام سەرەڕای ئەوەی بوختیەكان گرنگترین هۆزی كوردی ناوچەی جەزیرەی ئیبن عەمەر بوون، بەڵام بە گوتەی ئیبن شەداد، هەژمارێكی زۆر هۆزی كوردی دیكە لەم ناوچەیە ژیانیان بەسەر دەبرد (هەمان، ج٣، ص٧) كە ناویان لە سەرچاوەكاندا نەهاتووە.

هۆزی چۆپی (جوبی/الجوبیە/الجونیە/ الشوبیە) هۆزێكی تری كوردی ناوچەی دیاربەكر بوو. بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئەم هۆزە خۆیان لە نەتەوەیی بەهرامی چوبین سەرداری سەردەمی ساسانیەكان دادەنا و پێدەچی هۆكاری ناولێنانی ئەم هۆزەش لەمەوە هاتبێت (كاتب اصفهانی، ١٩٥٥، ج١٢، ص ٥٤٥). سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزە، سەرچاوەكان زانیاری وردیان بەدەستەوە نەداوە، تەنها هەندێكیان بەشێوەیەكی گشتی، ناوچەكانی دەرووبەری ئامەد و میافارقینیان وەكوو شوێنی ژیانی هۆزی چۆپی دەستنیشان كردوە (بڕوانە: صدرالدین سلفە اصفهانی،ص ٣٧٢). لەگەڵ ئەمەشدا زانیاری هەندێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

سەرچاوەش وا دەكات كە ناوچەكانی دەوووبەری شاری حێسن كێفا بە ناوەندی سەرەكی هۆزی چۆپی بزانین. كوردە چۆپیەكان لە دەورووبەری حێسن كێفا هەندی قەڵای گرنگ وەكوو قەڵاكانی " حصن طالب" و " شاتان"یان بەدەستەوە بوو. قەڵای شاتان بەتایبەت بە هۆی ئەوەی كە یەكێك لە زانا ناسراوەكانی سەدەی شەشەم بە ناوی " علم الدين شاتانی" ( كۆچی دوایی ٥٧٩ ك)، دراوەتە پاڵی، لای سەرچاوەكان بەناوبانگە. بەڵام ناوەندی سەرەكی هۆزی چۆپی قەڵای " حصن طالب" بوو كە لە نزیك شاری حێسنكەیفا هەڵكەوتبوو. لە كۆتاییەكانی سەدەی شەشەمی كۆچی/ دوانزەهەمی زایینی، لەگەڵ بە هێزبوونی دەوڵەتی ئەرتوقی لە حێسن كێفادا، قەڵاكانی سەر بە هۆزی چۆپیش كوتنە مەترسیەوە. لە ساڵی ٥٥٦ كۆچی/ ١١٦١ زایینیدا، قەرا ئەرسەلان، حوكمڕانی حێسن كێفا بە یارمەتی هۆزی "ملی" كە هۆزێكی كوردی تری ئەم ناوچەیەبوو، توانی دەست بەسەر قەڵای شاتاندا بگرێت. دوای چەند ساڵ لە ٥٦٠ كۆچی/ ١١٦٥ زایینیدا قەڵای " حصن طالب"یش كە دوایین پێگەی كوردە چۆپیەكان بوو، لە لایەن قەرە ئەرسەلانەوە داگیر كرا (ابن اثير،ج١١، ص ٢٨٠؛ ياقوت حموی، ج٣، ص ٣٠٤، ج٢، ص ٢٦٥؛ بۆ بەشداری كوردە مێلیەكان لە گرتنی قەڵای شاتان بڕوانە: زرار صديق توفيق، ٢٠١٠، ص ١٢٠). بەڵام سەرەڕای ئەوەی كە لەم سەردەمەدا زۆرێك لە قەڵا شاخاویەكانی ناوچەكە لەدەست سەرۆك هۆزە كوردەكان دەرهێنرا، بەڵام هۆزە كوردەكان بەردەوام لە ناوچەكەدا ئامادەبوونێكی دیاریان بوو و بەردەوام ڕۆڵی كاریگەر و گرنگیان لە ڕووداوە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی ناوچەكەدا دەگێڕا. بە پێ ڕاپۆرتێك، كوردەكان زۆرینەی سوپاكەی نورالدين بن قەرە ئەرسەلان (٥٦٢-٥٨١ ك/ ١١٦٧- ١١٨٥ز) حوكمڕانی ئورتوقی ماردینیان پێك دەهێنا (عماد كاتب اصفهانی، ١٩٨٧، ج٥، ص ٤١).

هەروەها سەرچاەكان لە نیوەی یەكەم سەدەی حەوتەمدا ناوی هۆزێكی تر لە هۆزەكوردەكانی ناوچەی حێسن كێفایان هێناوە كە لە نزیك دەربەندی " قوڕەیشی" لە نزیك شاری تەنزە (طنزه) دەژیان. ئەو هۆزە كوردانەی كە لەم ناوچانا دەژیان بە " كوردی قرەیشی" ناسرابوون. لە ساڵی ٦٢٨ ك/ ١٢٣١ز، لە كاتی گەیشتنی یەكەم شاڵاوی مۆغۆلەكان بۆ سەر ناوچەی دیاربەكر، كوردە قورەیشیەكان بەرەنگاری مەغۆلەكان بوونەوە و ژمارەیەكی زۆر لە هەردوو لا كوژران (ابن اثير، ج١٢، ص ٤٩٩ ).

لە خوارووی ناوچەی دیاربەكر، ڕەوەندە كوردەكان لە ناوچەكانی دەورووبەری شار و قەڵای، ماردینیش دەژیان. كە ئەمە بە ڕاپۆرتی هەندێ سەرچاوەوە كە بەردەوام باسیان لە ئاژاوەگێری و تاڵانكاری ڕەوەندە كوردەكان لەم ناوچانە كردووە بەدەر دەكەوێت (بڕوانە: ابن اثير، ج١١، ص ٣٩١؛ ابن خلدون، ج٥، ص٢٤٩-٢٤٨). ئەم ڕاپۆرتانە بە بێ ئەوەی ناوی هۆزە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

کوردەکان دەربخات، بە شێوەیەکی گشتی زۆربوونی ژمارەی کوردەکان لە ناوچەکانی نزیکی ماردین دەسەلمێنت (بڕوانە: میخائیل سریانی، ج٣، ص ٢٩٨). یەك لەم هۆزانە هۆزی کوردی ئیزۆلی بووە کە لە ناوچەی ماردین و بە وردی لە دەورووبەری شاری دۆنیسەر (قوچ حصار) دەژیان (زرار صدیق توفیق، ٢٠١٠،ص ٣٢ ؛ هەروەها بۆ ناوی ئەو کەسایتیە کوردانەی کە دەدرانە پاڵ عەشیرەی ئیزۆلی لە ناوچەی ماردین، بڕوانە: دنیسری،، ص ١١٩-١١٨؛ بۆ کوردبوونی عەشیرەی ئیزۆلی بڕوانە:: نیبور، ج٢، ص ٣٢٣).

## ئەنجام:

لە سەرەتای چاخی ئیسلامی واتە لە سەرەتای مەودای زەمەنی ئەم توێژینەوەیەدا، ناوچەی دیاربەکر لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە، سیمای زاڵی سوریانی پێوە دیار بوو، ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرچاوەکان ئاماژەیەکیان بە هەبوونی هۆزە کوردەکان لەم ناوچەیە نەکردووە. بەڵام لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچەی دیاربەکر لە سەدەی یەکەم تا کۆتایی سەدەی هەوتەمی کۆچی، بۆمان دەردەخات کە لەو ماوەیەدا بەردەوام و هێدیَ هێدی هۆزکوردەکان لە ناوچەی دیاربەکر بڵاو بوونەتەوە. پرۆسەی بەرفراوان بوونی جۆگرافیای نیشتەجێ بوونی کوردەکان و بڵاو بوونەوەی هۆزە کوردەکان لە ناوچەی دیاربەکر، لە سەرانسەری مەودای زەمەنی تویژینەوەکەدا درێژەی هەبوو. لە سەدەی یەکەمی کۆچی/ حەوتەمی زایینیدا سەرەڕای ئەوەی ناوچەکانی وەك زەوزان و ئەرمەنییە لە ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر، لە ناوەندە گرنگەکانی ژیانی هۆزە کوردەکان بوون، بەڵام لە خودی ناوچەی دیاربەکردا، بەڵگەیەك کە سەلمێنەری هەبوونی کورد لەم ناوچەیە بێت، لەبەردەستا نییە. پرۆسەی کۆچی کوردەکان بەرەو ڕۆژئاوا و قوڵایی ناوچەی دیاربەکر، دوای موسڵمان بوونی زۆربەی هۆزە کوردەکان و چوونیان بۆ ناو سوپای دەوڵەت و بنەماڵە حوکمڕانە موسڵمانەکان، هەر لە سەدەکانی سەرەتای چەرخی ئیسلامیەوە دەستی پێ کرد. خاڵی وەرچەرخانی ئەم پرۆسەیە دەکرێ بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی مەروانی لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەهەمی زایینی دابنرێت. بنەماڵەی کوردی مەروانی و هۆزە کوردە هاوپەیمنەکانیان، لە کوردەکان ناوچەی زەوزان و ئەرمەنییە بوون کە لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچیی/ دەهەمی زایینیەوە بە هۆی بەشداری کردن لە شەڕی دژ بە مەسیحییە ئەرمەنییەکان و دەوڵەتی بیزانتی، وەکوو " مجاهد" و " غازی" ناوبانگیان دەرکردبوو. مەروانیەکان پاشان دەستیان بە سەر ناوچەی دیاربەکر و شارە سەرەکیەکانی ئەم ناوچەیە وەکوو ئامەد و میافارقینیان دا گرت کە لە ڕۆژئاوای شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی خۆیانەوە بوون و بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك حوکمڕانی ئەم ناوچەیانەیان کرد.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەریَ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوای نەمانی دەوڵەتی مەروانیش، هۆزە کوردەکان بەردەوام ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگیان لە سوپای دەوڵەتەکانی ناوچەکە وەکوو سەلجوقییەکان، ئەتابەکە زەنگییەکان و ئەرتقوقیەکان و بە تایبەت کوردە ئەیوبیەکاندا گێڕا. هەڵکەوتی ستراتیجی ناوچەی دیاربەکر و گرنگی ئەم ناوچەیە لە شەڕی نێوان موسڵمانەکان و هێزە مەسیحیەکانی وەکوو میرنشینە ئەرمەنییەکان و دەوڵەتی بیزانس، وای کردبوو کە لە سەرانسەری ئەم ماوەیەدا هۆزەکوردەکان لە ناوچە سەرەکیەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی دیاربەکرەو، ڕوو لە دیاربەکر بکەن وەکوو هێزی پشتیوانی ئەم دەوڵەتانە لەم ناوچەیە نیشتەجێ ببن. بە شێوەیەك کە لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ دوانزەهەمی زایینی - واتە لە کۆتایی مەودای زەمەنی توێژینەوەکەماندا- کوردەکان لە هەموو ناوچەی دیاربەکر بڵاو بووبوونەوە و تەنانەت لە ناو پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکانی ئەم ناوچەیە وەکوو میافارقین، ئامەد، حێسکێفا و جەزیرەشدا، کوردەکان بوونێکی بەرچاویان هەبوو.

## سەرچاوەکان:

### ژێدەرە عەرەبیەکان


١. ابن ابی جراده، عمر بن احمد . زبده الحلب فی تاریخ حلب، تصحیح سهیل زکار. دمشق: دار الکتاب العربی، ١٤٢٥.

٢. ابن اثیر، عزالدین ابوالحسن علی . الکامل فی التاریخ. بیروت: دار صادر، ١٣٨٥/ ١٩٦٥.

٣. ابن تغری بردی، یوسف. النجوم الزاهره فی ملوك مصر و القاهره. قاهره: وزاره الثقافه و الارشاد القومی، المؤسسه المصریه العامه، ١٣٩٢.

٤. ابن خردادبه، عبیدالله بن عبدالله. المسالك و الممالك. بیروت: دارصادر-افست لیدن، ١٩٩٢.

٥. ابن خلدون، عبدالرحمان بن محمد. تاریخ ابن خلدون. تحقیق خلیل شحاده. بیروت: دارالفکر، ١٤٠٨/ ١٩٨٨.

٦. ابن خلکان، احمد بن محمد بن ابی بکر. وفیات الاعیان و انباء اهل الزمان. دارصادر: بیروت، ١٩٠٠.

٧. ابن شداد، عزالدین محمد بن علی بن ابراهیم. الاعلاق الخطیره فی ذکر امراء شام و الجزیره، تصحیح زکریا عباره،. دمشق: وزاره الثقافه، ١٩٩١.

٨. ابن عدیم، عمر بن احمد. بغیه الطلب فی تاریخ حلب. تصحیح سهیل زکار. بیروت: دار الفکر، بیتا.

٩. ابن فضل الله عمری، احمد بن یحیی. مسالك الابصار فی ممالك الابصار. ابوظبی: المجمع الثقافی، بیتا.

١٠. ابن عبری، غریغوریوس الملطی. تاریخ مختصر الدول. تحقیق انطوان صالحانی الیسوعی. بیروت: دار الشرق، ١٩٩٢.

١١. ابن مسکویه، احمد بن علی. تجارب الامم. تحقیق ابوالقاسم امامی. تهران: سروش، ١٣٧٩ش.

١٢. ابوالفداء، اسماعیل بن علی. تقویم البلدان، قاهره ٢٠٠٧/١٤٢٧؛

١٣. ابی‌شامه، عبدالرحمان بن اسماعیل بن ابراهیم. عیون الروضتین فی اخبار الدولتین النوریه و الصلاحیه، تحقیق ابراهیم الزیبق. بیروت: مؤسسه الرساله، ١٤١٨ /١٩٩٧.

١٤. ادریسی، محمد بن محمد. نزهه المشتاق فی اختراق الآفاق. بیروت: عالم الکتب، ١٤٠٩.

١٥. اصطخری،ابراهیم بن محمد. مسالك الممالك. بیروت: دار صادر، ١٩٢٧.

١٦. بلاذری، احمد بن یحیی. فتوح البلدان، بیروت: دارو مکتبه الهلال، ١٩٨٨.

١٧. دنیسری، عمر بن خضر. تاریخ دنیسر، تصحیح ابراهیم صالح. دمشق: دار البشائر، ١٤١٣.

١٨. ذهبی، شمس الدین محمد بن احمد. تاریخ الاسلام و وفیات المشاهیر و الاعلام، تحقیق عمر عبدالسلام تدمری. بیروت: دار الکتاب العربی: ١٤١٣/ ١٩٩٣.

١٩. سلفه اصفهانی، صدرالدین. معجم السفر، حقیق عبدالله عمر البارودی. مکه: المکتبه التجاریه، بیتا).

٢٠. صفدی، خلیل بن ایبك. الوافی بالوافیات. بیروت: دار احیاء التراث، ٢٠٠٠.

٢١. قاضی عیاض. الغنیه فهرست شیوخ القاضی عیاض، تحقیق ماهر زهیر جرار. بی‌جا: دار الغرب الاسلامی، ١٤٠٢/ ١٩٨٢.

٢٢. قزوینی، زکریا بن محمد. آثار البلاد و اخبار العباد. بیروت: دار صادر،١٩٩٨.

٢٣. فارقی، احمد بن یوسف بن علی بن الازرق. تاریخ الفارقی. قاهره: الهیئه العامه لشئون المطابع الامیریه، ١٩٥٩/ ١٣٧٩.

٢٤. مقریزی، احمد بن علی. المواعظ و الاعتبار بذکر الخطط و الآثار. بیروت: دار الکتب العلمیه، ١٤١٨.

٢٥. میخائیل سریانی. تاریخ مار میخائیل السریانی الکبیر. حلب: دار ماردین، ١٩٩٦.

٢٦. نعیمی دمشقی، عبدالقادر بن محمد. الدارس فی التاریخ المدارس، تصحیح ابراهیم شمس الدین.بیروت: بینا،١٤١٠.

٢٧. واقدی، محمد بن عمر. فتوح الشام. بیروت: دار الکتب العلمیه، ١٤١٧/ ١٩٩٧.

٢٨. مقدسی، محمد بن احمد. احسن التقاسیم فی معرفه الاقالیم. بیروت: دار صادر، بیتا.

٢٩. یاقوت حموی. معجم البلدان. بیروت: دار صادر، ١٩٩٥.

٣٠. هروی، علی ابن ابوبکر. الاشارت الی معرفه الزیارات، تصحیح علی عمر. قاهره: مکتبه الثقافه الدینیه، ١٤٢٣.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

## ژێدەرە فارسیەکان

٣١. آقسرایی، محمود بن محمد. تاریخ سلاجقه یا مسامره الاخبار و مسایره الاخیار، تصحیح عثمان توران. تهران: اساطیر، ١٣٦٢ش.

٣٢. ابن بی بی. اخبار سلاجقه روم، به انضمام سلجوقنامه ابن بی بی، به کوشش محمد جواد مشکور. تهران: کتاب فروشی تهران، ١٣٥٠ش).

٣٣. بدلیسی، شرف الدین بن شمس الدین. شرفنامه، تاریخ مفصل کردستان، تصحیح ولادیمیر ویلیامینوف، تهران: اساطیر، ١٣٧٧ش.

٣٤. نسوی، شهاب الدین. سیرت جلال الدین منکبرنی، تصحیح مجتبی مینوی. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٨٤ش.

## لێکۆڵینەوەکان (کوردی، فارسی، عەرەبی)

٣٥. باسورث،ادموند کیلفورد. سلسله های اسلامی جدید راهنمای گاهشماری و تبارشناسی، ترجمه فریدون بدرهای. تهران: مرکز باستانشناشی اسلام و ایران، ١٣٨١ش.

٣٦. حسن زاده، اسماعیل. حکومت ترکمانان قراقوینلو و آققوینلو در ایران. تهران: سمت ١٣٧٩ش.

٣٧. زرار صدیق توفیق. کورد و کوردستان له سه ردەمی خیلافەی ئیسلامیدا. هه ولیر: ناوەندی ئاویر، ٢٠١٣.

٣٨. زرار صدیق توفیق. هوز و دەسەڵاتە هۆزکییە کوردیەکانی چاخی ناوەڕاست، وەرگێڕان ئیدریس عەبدوللا مستەفا ( هەولێر: موکریانی، ٢٠١٠).

٣٩. سهیل زکار. الموسوعه الشامیه فی تاریخ الحروب الصلیبیه. دمشق: بینا، ١٤١٦/ ١٩٩٥.

٤٠. سوادی عبد محمد. الاحوال الاجتماعیه و الاقتصادیه فی بلاد الجزیره الفراتیه، خلال القرن السادس الهجری- الثانی عشر المیلادی. بغداد: دار الشؤون الثقافیه العامه، ١٩٨٩.

٤١. طقوش،محمد سهیل . تاریخ الایوبین فی مصر و بلاد الشام و اقلیم جزیره . بیروت: دار النفائس، ١٤٢٩/ ٢٠٠٨.

٤٢. عبدالرقیب یوسف . الدوله الدوستکیه فی کردستان الوسطی. ج١. بغداد: مطبعه اللواء، ١٩٧٢.

ـــــ الدوله الدوستکیه فی کردستان الوسطی.ج٢. السلیمانیه: اکادمیه التوعیه و تاهیل الکوادر الاتحاد الوطنی الکردستانی، ٢٠١٤.

٤٣. الفقی، عصام عبدالرؤف. بلاد الجزیره فی اواخر العصر العباسی . بیجا: دار الفکر العربی، بیتا.

٤٤. قادر محمد حسن، الامارات الکردیه فی العهد البویهی. اربیل: موکریانی، ٢٠١١.

٤٥. لسترنج، سرزمینهای خلافت شرقی، ترجمه محمود عرفان. تهران: شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٦٤ش.

٤٦. محسن محمد حسین. الجیش الایوبی فی عهد الصلاح الدین . اربیل: دار آراس، ٢٠٠٣.

٤٧. نیبور، کارستن. رحله الی شبه جزیره العربیه، تعریب عبیر منذر. بیروت: مؤسسه الانتشار العربی، ٢٠٠٧.

# اثر العوامل السياسية على عملية التكريد منطقة دياربكر
# (مع التركيز على فترة المراونى حتى نهاية الايوبى)

**الملخص:**

منطقة ديار بكر مع مناطق ديار ربيعة، وديار موزر، هذه المناطق الثلاثة يمثلون مركز منطقة جزيرى (وديار بكر أولها من جهة الشمال (منذ غابر العصور كانت مستوطنة من بعض الأقوام مختلفي الاعراق، وكانت حلقة وصل بين الحضارات.

في عصر الفتوحات الإسلامية وسيطرة المسلمين على منطقة الجزيري، التي كانت مركزا للغة السريان وثقافتهم، في هذه المرحلة لا نعثر على أي أثر للكورد فيها، علما أن مناطق زوزان وأرمينيا في شرق ديار بكر كانت ومنذ القدم مناطق تجمهر القبائل الكوردية، وفي نهاية القرن الرابع الهجري، سيطر المروانيّون وهم سلالة عائلة كوردية من تلك المنطقة على ديار بكر مدة تقارب قرنا من الزمن.

إن سيطرة المروانين على ديار بكر كانت بداية تغيير للتركيبة القومية فيها؛ إذ ازداد عدد القبائل الكوردية والسكان الكورد فيها بشكل ملحوظ، وهذه العملية ازدات بعد سقوط الدولة المروانية في عصر الدولة التركية أبان حكم الزنكيين والأورتقيين، وتحت تأثير عوامل عدة. واستمرت على نحو أوسع مع سيطرة الأيوبيين، لدرجة أن الفارق في التركبية السكانية صار كبيرا جدا في نهاية العصر الأيوبي مقارنة بداية العصر الإسلامي.

اعتمدت هذه الدراسة المنهج التاريخي، مستفيدة من المراجع والمصادر التاريخية. لقد تم مناقشة عملية تغيير التركيبة القومية مع محاولة لقراءة المعلومات من مصدرها وتحليلها، كي نحصل على صور التغيير الحاصل في ديار بكر وشرحٍ للعملية تلك منذ عصر المروانيين إلى نهاية عصر الأيوبيين، وكانت أهم نتائج البحث مع أهم عوامل التغيير التركيبي للأقوام والمثبت في نهاية عصر الأيوبيين يتكون من الآتي:

تناقص عدد سكان السريان شيئا فشيئا مقابل انتشار القبائل الكوردية في العديد من مناطق ديار بكر، بطريقة مكّنت الكورد من الاستيطان في المناطق الرئيسية.

**الكلمات الدالة:** *ديار بكر، الكورد، السريان، التركيبة القومية، التغيير.*

# The Impact of Political Factors on the Kurdisation of the Diyarbakir Region

## (Focusing on the Marwanid Period to the End of Ayoubids).


**Abstract:**

Diyarbakır area, which along with Diyar Rabia and DiyarMazar, was forming one of the three districts of the Jazireh - and the first of them in the north - has long been a crossroads of different cultures and the home of various ethnic groups. On the eve of the conquest of this region by Muslim Arabs, the Diyarbakır region was one of the main centers of Syriac language and culture; at this time , there was no evidence of Kurdish settlement and presence in the Diyarbakır area, but the Armenian and Zavuzan region in the east of Diyarbakir, has long been one of the Kurdish tribes' population centers. At the end of the fourth century AH, Marwanid, a Kurdish family of these areas, takeover the Diyarbakir and ruled there for around a century. The capture of Diyarbakir by the Marwnids became a turning point in the process of transforming the ethnic fabric of the area, with a marked increase in the Kurdish population and Kurdish tribes, gradually increasing in population composition. This process continued even after the fall of the Marwanid dynasty during the Turkish dynasties, such as the Zangians and the Ortakians, under the influence of various factors, accelerated by the capture of the Ayyubid Kurds. At the end of the Ayubid period, the Diarbekir area was significantly changed demographically in comparison with the first centyries of Islamic period and had a different appearance than before. The present research, studies the process, using historical method based on description and analysis and utilizing the most important historical sources of this period. According to the study results, the most important indicators of the alteration of the ethnic texture of the Diyarbakır area at the end of the Ayyubid period were :The gradual decline of the Syriac element, 2. The spread of Kurds in many parts of Diyarbakir. as result, at the end of the study, Kurdish tribes were scattered throughout the Diyarbakır area and the Kurds were amoung the main resident fabric of many cities belong to Diyarbakir.



**Keywords:** *Diyarbakir, Kurds, Syriacs, Ethnic Textures, Transformation.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی